# پێگەو سروشتی یاسایی دەستە سەربەخۆکان

**لطيف مصطفى امين [1] ، شادى غازى عبدالكريم حسين [2]**

[1] بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا و رامیاری، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2] بەشی زانستە رامیارییەکان، کۆلێژی زانستە رامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە** – دەستە سەربەخۆکان رۆڵی گرنگ دەبینن لە دامەزراندنی حکومڕانی باش لە دەوڵەتی دەستوریدا، بۆیە رۆژبەرۆژ گرنگی بەم دەستانە لە زیادبووندایە، کە لە رێکخستنی دەستوری ئەو دەوڵەتانەدا وەك گەرەنتییەك بۆ پاراستنی سەربەخۆییان باس دەکرێن بەڵام لە یاسادا بە شێوەیەکی ووردتر رێکدەخرێن بۆ ئەوەی بتوانن ئەو رۆڵەی کە بۆیان دیاری کراوە بە باشی بگێرن. ژمارەیەك لەم دەستانە لە ناوەراستی سەددەی رابردوودا بە پشتبەستن بە رێکخستنی دەستوری‌و دەقە دەستورییەکان دروست بوون لە هەندێك دەوڵەتدا بە تایبەتی دەوڵەتە یاساییەکان، پاشان لە لایەن یاسادانەرانەوە یاسای تایبەت بەم دەستانە دانراوە. وە لە رووی سیاسییەوە، ئەو ژینگە دیموکراسییەی کە لەم دەوڵەتانەدا هاتە ئاراوە، رۆڵێکی گەورەی لە سەرهەڵدانی ئەم دەستانە بینوە، چونکە بیرۆکەی سەربەخۆیی ئەو دەستانە دەتوانێت پەیوەندی راستەوخۆی لە گەڵ گەشەکردنی دیموکراسیدا هەبێت، کە ئامانج لێی نەهێشتنی گەندەڵی‌و بەدیهێنانی دیموکراسیەت‌و بنەماکانیەتی. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا تیشك دەخەینە سەر ئەوەی کە تا چەند ئەم دەستانە سەربەخۆن، بە تایبەتی لە رووی کارگێری‌و دارایی‌و ئەندامییەوە. هەروەها لە رووی سروشتی یاسایی دەستە سەربەخۆکانەوە ئایا ئەم دەستانە دەسەڵاتی کارگێرین یان خاوەن سروشتێکی دادوەرین یاخود لە پاش سێ دەسەڵاتە کلاسیکییەکان (یاسادان‌و جێبەجێکردن‌و دادوەری) دەستە سەربەخۆکان وەکو دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێت. کە ئەمەش بە پێی دەقە دەستوری‌و یاساییەکانی تایبەت بەم دەستانەو بریارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق‌و راوبۆچوونی یاساناسان‌و توێژەران شیکراوەتەوە، کە لە توێژینەوەکەدا گرنگیان پێ دەدەین.

**کلیلە وشەکان-** دەستە سەربەخۆکان، سەربەخۆیی، سروشتی یاسایی، دەسەڵاتی چوارەم.

## پێشەکی

لەپاش ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتیانەی لە شێوەی دەوڵەت‌و سیستەمی دەستوری‌و سیاسی دەوڵەتاندا، بەتایبەتی دەوڵەتە یاسایی‌و دیموکراسیەکاندا دروست بوون، چەندین دەستەی سەربەخۆ پەیدا بوون. هەرچەندە لەسەرەتادا سێ دەسەڵاتە گشتییەکە (یاسادانان‌و جێبەجێکردن‌و دادوەری) هەبوون‌و جیاکرابوونەوە لەیەکتری، کەلە ئەورووپادا مۆدێلێکی نوێ بوون‌و ئەنجامی باشی هەبوو، بەڵام دەوڵەتە دیموکراسییەکان هەمیشە لە پێشکەوتندا بوون و پێیان باش بوو کە دەستەی سەربەخۆی دیکە هەبن لەگەڵ ئەم دەسەڵاتانەدا کاربکەن لەبواری دەستپاکی‌و هەڵبژاردن‌و بازرگانی‌و... هتد، لەگەڵ ئەوەی کە مێژووی ئەم دەستانە پێش جەنگی جیهانی دووەم هەبوون بۆ نموونە ئەمبۆدسمانی سویدی، بەڵام لە دوای ئەم جەنگەوە گەشەسەندنی زیاتری بەخۆوە بینی. وە دەستە سەربەخۆکان بەپێی رێکخستنی دەستوری و یاسایی کەسایەتییەکی واتاییان هەیە. هەروەها هۆکارێکن بۆ دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر بنەمای رێزگرتن لەماف‌و ئازادییە گشتییەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی.

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەدەستە سەربەخۆکان سەرنجی زۆرێك لە توێژەران‌و نوسەران‌و ئەو کەسانەی لەکاروباری سیاسیدا کاردەکەن بەتایبەتی ئەکادیمیەکان راکێشاوە، سەرەرای ئەوەش گرنگی سیاسی و کارگێری ئەم دەستانە تەواوکەری کاری دەوڵەت‌و سیستەمی سیاسیانە بەشێوەیەك کەبتوانێت ئەرکەکانیان بەباشی جێبەجێ بکەن. وە گرنگیەکەی خۆی لە خستنەرووی سەربەخۆیی ئەم دەستانە لەرووی کارگێری‌و دارایی‌و ئەندامییەوە دەبینێتەوە لەگەڵ سروشتی یاساییان، بەتایبەتی دەستەیەکی سەربەخۆن‌و لەگەڵ سێ دەسەڵاتە گشتییەکەدا کاردەکەن.

**کێشەی توێژینەوەکە:** کێشە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە لەم پرسیارە گرنگانەوە سەرچاوە دەگرێت:

- ئایا دەستە سەربەخۆکان ئاستی سەربەخۆییان چۆنە؟ ئایا پێویستییەکی راستەقینە هەیە بۆ هەریەکەیان‌و ئایا پێویستی بەبەردەوامییان هەیە؟ ئەم سەربەخۆییە دەبێت لەچی بوارێکدا بێت؟ ئایا سەربەخۆیی دەستەکان لەرووی کردارییەوە چ کاریگەرییەکی دروست کردووە؟
- ئایا سروشتی یاسایی ئەم دەستانە چۆنە؟ دەسەڵاتی کارگێرین یان خاوەن سروشتێکی دادوەرین یاخود وەکو دەسەڵاتی چوارەم کار دەکەن لەپاش سێ دەسەڵاتە گشتییەکەی دیکە (یاسادان، جێبەجێکرد، دادوەری)؟ ئایا هۆکاری پێکهێنانی دەستە سەربەخۆکان چییە؟

**گریمانەی توێژینەوەکە:** ئەم دەستانە دەتوانرێت بەوە بناسرێن کە سەربەخۆن لە رووی کارگێری‌و دارایی‌و ئەندامییەوە، ئەمەش بەزۆری لە دەوڵەتە یاساییەکاندا

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 8، العدد 2(2022) ؛ عدد الصفحات (14)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v8n2y2022.pp1-14
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 5 كانون الأول 2021؛ قُبل في 12 كانون الثاني 2022؛ نُشرت في 17 نيسان 2022؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : latif.mustafa68@gmail.com ،shadi.ghazi.a@gmail.com
حقوق الطبع والنشر ©2022 لطيف مصطفى امين، شادى غازى عبدالكريم حسين. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەدیدێت. هەروەها دەستە سەربەخۆکان لەڕووی سروشتی یاساییان دەتوانرێت وەکو دەسەڵاتی چوارەم دابنرێن لەپاش دەسەڵاتەکانی یاسادانو جێبەجێکردنو دادوەریی، ئەمەش دەبێت لەڕێکخستنی دەستووریو یاساییدا بایەخی تەواوی پێ بدرێت. وە هۆکارەکانی سیاسیو ئابووریو گەندەڵی پاڵنەربوون بۆ دروست بوونی ئەم دەستانە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی پشت دەبەستێت بەمیتۆدی شیکردنەوە، بەخستنەڕووی دەقە دەستووریو یاساییەکان پەیوەست بەسەربەخۆییو سروشتی یاسایی دەستە سەربەخۆکان. لەهەمان کاتدا پشت بەمیتۆدی ڕەخنەیی دەبەستین لەو شوێنانەی کەتێبینیو ڕەخنەیان هەیە لەسەر دەقە یاساییەکان.

1- **ئەو توێژینەوانەی کەپێشتر کراوە:** پێشتر چەندین توێژینەوە لەبارەی دەستە سەربەخۆکانکراوە بەشێوەیەکی گشتی، تەنانەت لەم توێینەوەیەدا چەندین نامەو تێزی دکتۆراو توێژینەوەی زانستی بەدی دەکرێت، بەڵام هەر یەکێکیان بوارێکی گرنگی دەستە سەربەخۆکانی لە چوارچێوەیەکی گشتی توێژینەوە یان ئەزموونی کردەیی یاخود کێشەیەکی دیاری کراو و جیا لە ناوەڕۆکی بابەتی ئەم توێژینەوەیەی کردووەتە بابەتی شیکاری یان بەراوردکاری، بۆ نموونە: أرحيم، هشام جميل كمال. (2012)، "الهيئات المستقلة وعلاقتها بالسلطة التشريعية في العراق (دراسة مقارنة)"، أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة تكريت، كلية القانون، صلاح الدين. کەئامانجی توێژینەوەکەی بریتییە لەپەیوەندی دەستە سەربەخۆکان بەدەسەڵاتی یاسانان لەعێراقداو پشتی بەمیتۆدی شیکاریو بەراوردکاری بەستووەو باسی لەهەندێك لەدەستە سەربەخۆکانی کردووە لەعێراقدا لەگەڵ دەسەڵاتی یاسادانان. هەروەها أمير، عبو سعدي. (2018-2019)، "السلطات الادارية المستقلة في القطاع المالي بالجزائر"، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة عبدالحميد بن باديس مستغانم، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم العلوم السياسية. کە کێشە سەرەکییەکەی خۆی لە بواری دارایی و دەسەڵاتی کارگێڕی سەربەخۆ لە دەوڵەتی جەزائیردە دەبینێتەوەو باس لە سروشتی یاسایی دەستە سەربەخۆکانیش دەکات.

لە گەڵ ئەوەی کە لە هەندێک بوردا لەیەک دەچن، بەڵام جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوودا لەوەدایە کە ئەم توێژینەوەیە باسی لە پێگەی دەستە سەربەخۆکان کردووە لە ڕووی سەربەخۆیی کارگێڕی و دارایی و ئۆرگانی لەگەڵ سروشتی یاساییان بە زمانی کوردی کە هیچ توێژینەوەیەک لەم باریەوە نەکراوە بە کوردی یان زۆر بە کەمی لەبارەیەوە نوسراوە.

**ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە:** نوسینی توێژینەوەکە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بووەتەوە، وەکو بوونی هەندێک دەستەواژەی یاسایی و دەستوری و سیاسی کە بە زمانی کوردی واتای ئەو دەستەواژانە نەبوو، هەروەها کەمی سەرچاوەی کوردی لەم بوارەدا.

**دابەشکاری توێژینەوەکە:** بەشێوەیەکی گشتی بۆ گەیشتن بەشیکاری دروست بۆ بابەتی باسی توێژینەوە لە دابەشکارییەکی شێوەییدا لە دوو داخوازیدا دەیخەینەڕوو. لە یەکەمیاندا باس لە پێگەی دەستە سەربەخۆکان دەکەین لەڕووی سەربەخۆیی کارگێڕی و داراییو ئەندامییەوە. وە لە دووەمیاندا سروشتی یاسایی دەستە سەربەخۆکان وەك دەسەڵاتێکی کارگێڕیو دەسەڵاتی دادوەری یان نیمچە دادوەریو هەروەها وەك دەسەڵاتی چوارەم. لە کۆتایشدا ئاماژە بەو دەئەنجامانە دەکەین کە لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا پێی دەگەین سەرەڕای خستنە ڕووی پێشنیارەکان. پاشان لیستی سەرچاوەکان لە توێژینەوەکە دەخەینە ڕوو.

## داخوازی یەکەم

## پێگەی دەستە سەربەخۆکان

بۆ ئەوەی باسی پێگەی دەستە سەربەخۆکان بکەین، سەرەتا تیشك دەخەینە سەر ئەوەی کە ئایا مەبەست چییە لە ووشەی سەربەخۆ؟ لکاندنی زاراوەی "سەربەخۆ" بەناوی ئەم دەستەو دەسەڵاتو دەزگایانەوە، نیشانەی ئەوەیە کە ئامانجو مەبەستی سەرەکی لە دامەزراندنی دەستە سەربەخۆکان، کارکردنیانە بە شێوەیەکی سەربەخۆو دوور لە دەستێوەردان، بەمەش سەربەخۆیی بەشێکی گرنگە لە گەرەنتیەکانی ئەم دەستانە، هەر بۆیە لێرەدا ئاماژە بەم زاراوەیە دەکەین لە گەڵ سەربەخۆیی ئەم دەستانەدا، چونکە خاڵی هاوبەش لە ڕێکخستنی دەستوری بۆ دەستە سەربەخۆکان کۆکردنەوەیانە لە ژێر یەك ناونیشانی دیاریکراو کە سەربەخۆبوونە لە گەڵ گەرەنتیکردنی پاراستنی ئەم سەربەخۆییە. هەروەکو بە پێی فەرمانی دەسەڵاتی هاوپەیمانی کاتی پێناسەی کردووە بەوەی کە دەستەواژەی سەربەخۆیی واتە: "توانای داراییو بڕیاردانو کارگێڕی بۆ بەکارهێنانی کارەکان بە بێ ملکەچبوون بۆ کاریگەری یان کۆنترۆڵی حکوومەت یان کاریگەریی هەر بەرژەوەندییەکی دەرەکی نەشیاو" **(سلطة الائتلاف المؤقتة، الأمر رقم 66، 2004، القسم 2، الفقرة 5)**. لە لایەکی دیکەوە لە ڕێکخستنی دەستوریی عێراقدا سەرەڕای جیاوازی دەستەواژە بەکارهاتووەکان بۆ دەستەکان لە دیاری کردنی چوارچێوەی سەربەخۆییان لە بوارێکی دیاری کراو بە رەهایی یاسادانەری دەستوری ملکەچبوونیان بۆ چاودێری و بەستنەوەیان بە دەسەڵاتە گشتییەکانی دیکەوە کردووەتە بەشێك لە دیاری کردنی چوارچێوەی پیادەکردنی ئەو سەربەخۆییەی کە پێیان بەخشراوە، هەروەکو لە دەقی دەستوریدا هاتووە کە: "کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤو کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانو دەستەی دەستپاکی سەربەخۆنو لەژێر چاوێری ئەنجومەنی نوێنەراندا کارەکانیان بەیاسا ڕێکدەخەن" **(دەستوری کۆماری عێراق، 2005، ماددەی 102)**، بەمەش ملکەچن بۆ چاودێری ئەنجومەنی نوێنەران. بەڵام سەبارەت بە بەرپرسیاربوون، تەنها بانکی ناوەندی عێراق بەرپرسە بەرامبەر بە ئەنجومەنی نوێنەران. بەڵام سەبارەت بە بەستنەوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە چاودێریو بەرپرسیاربوون بکرێن هەریەکە لەدیوانی چاودێری داراییو دەستەی ڕاگەیاندنو پەیوەندییەکان دەبەسترێنەوە بەئەنجومەنی نوێنەرانەوە **(دەستوری کۆماری عێراق، 2005، بڕگەی دووەم، ماددەی 103)**. لەکاتێکدا دیوانەکانی وەقفە ئاینییەکانو دەزگای شەهیدان بەستراونەتەوە بەئەنجومەنی وەزیرانەوە **(دەستوری کۆماری عێراق، 2005، بڕگەی سێیەم لە ماددەی 103 و ماددەی 104)**. بەڵام لە هەندێك دەستەدا ئاماژە بەدەستەواژەکانی (چاودێریو بەرپرسیاریو بەستنەوە) نەکراوە، وەکو دەستەی گشتی بۆ گەرەنتی مافی هەرێمو پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەهەرێمو دەستەی گشتی بۆ چاودێریو تەرخانکردنی داهاتە فیدراڵییەکانو ئەنجومەنی گشتی خزمەتی فیدراڵی **(دەستوری کۆماری عێراق، 2005، ماددەکانی 105، 106، 107)**. ئەم دەستەواژانەش چەندین ڕاوبۆچوونی جیاوازی لێکەوتەوە لە لایەن یاساناسانو دادگای باڵای فیدراڵییەوە. هەروەکو بەپێی بۆچوونی دادگای باڵای فیدراڵی سەبارەت بەلێکدانەوەی ووشەی (بەستنەوە) بریتییە لە: "بەستنەوەی دەستەکەو سەرۆکەکەی

بەئەنجومەنی نوێنەران یان ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ دیاریکردنی سیاسەتی گشتی دەستەکە نەك دەستتێوەردان لە بڕیارو ڕێکاریی‌و کاروباری پیشەییان" **(قرار محكمة الاتحادية العليا، العدد 88/ اتحادية/2010، 2011/1/18)**. لەهەمان کاتدا ئەم زاراوانە کە بۆ دەستە سەربەخۆکان بەکارهاتوون لە ڕێکخستنی دەستوردا ماناو چۆنیەتی‌و سنورو چوارچێوەی پیادەکردنی ڕوون نەکراوەتەوە، بۆنموونە لە دەستەواژەی (بەستنەوە) دا ئایا مەبەست لێی بەستنەوەیانە هاوشێوەی دامەزراوەیەکی جێبەجێکاریی بە وەزارەتێکی دیاریکراوەوە یان جیاوازە. هەرچەندە بەستنەوەی چەند دەستەیەکی جێبەجێکاری بە ئەنجومەنی نوێنەران ناگونجێت لەگەڵ ئەو تایبەتکاریانەی بەپێی ڕێکخستنی دەستوری پێی بەخشراوە، کە بریتین لە یاسادان‌و چاودێریکردن، کە لە ماددەکانی (61و62) دیاریکراون، سەرەڕای دژیەکبوونی لەگەڵ بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کە لە ماددەی (47)ی دەستوری 2005دا ئاماژەی پێکراوە، جگە لەوەی کە ئەنجومەنی نوێنەران وەك دەسەڵاتی یاسادانان خاوەن میکانیزمی فەراهەمکردنی سەرپەرشتی‌و چاودێری نییە، بە تایبەتی ئەگەر لەماوەی گرێدانی وەرزی یاسادانانندا نەبن، جگە لەوەی لەم بوارەدا ناگونجێت لە گەڵ کاری باوی پەرلەمانی وولاتانی جیهان **(قرار محكمة اتحادية العليا، العدد 88/ اتحادية/2010، 2011/1/18)**.

کەواتە بۆ دامەزراندنی دەستەو دەزگایەکی تەواو سەربەخۆ، پێویستە سەربەخۆیی دەستەکان لە ڕێگەی سیستەمی یاسایی‌و سیاسی دەوڵەتەوە بپارێزرێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت لە دەستورەوە دەست پێ بکرێت کە لوتکەی سیستەمی یاسایی و سیاسی دەوڵەتە، تەنانەت ڕەنگە لە هەندێك کاتدا پێویستی بە چاکسازی دەستوریش هەبێت، بۆیە بوونی دەقێکی دەستوری کە گرەنتی سەربەخۆیی ئەم دەستانە دەکات بە پێویست دادەنرێت‌و زامن کردنی جێبەجێ کردنی ئەو دەقە دەستوریانەش کە ئەو دەستانەیان ڕێکخستووە گرنگیەکی زۆریان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا یاسای دەستە سەربەخۆکان گرنگیەکییان هەیە لە ڕووی سەربەخۆیی دەستەکانەوەو ئەو دەقە یاسایانەش کە ئەو سەربەخۆییە دەپارێزن بەهاو گرنگی خۆیانیان هەیە، بەتایبەتی لە ڕووی دەستنیشانکردنی سەرۆك‌و ئەندامانی دەستەی باڵای دەستەکان‌و بەرپرسیارێتی ئەنجومەنی دەستەکان لە بەردەم پەرلەمان‌و بەدیهێنانی ئاسایش‌و سەربەخۆیی بودجەو سەرچاوەی پێویست، لە ڕووی سیاسیشەوە دامەزراندنی ئەم دەستانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە حکومەت هەوڵەکانی دژە گەندەڵی بەجدی وەربگرێت، بەڵام ڕەنگە فشاری سیاسی کێبڕکێکار لە نێوان پارتەکاندا کاریگەری لەسەر ئەم دەستانە هەبێت **(United Nations Global Program Against Corruption (November 2002، pp.37-38.**

بۆیە لە توێژینەوەکەدا تاوەکو گرەنتی سەربەخۆییان دەربکەوێت، دەمانەوێت بە پشتبەستن بە خستنەڕووی ئەو بوارانەی کە باسی دەستە سەربەخۆکان دەکات لەڕووی سەربەخۆیی کارگێڕی‌و دارایی‌و ئەندامییەوە، سەربەخۆیی ئەم دەستانە گفتوگۆی لە بارەیەوە بکەین، کە پێگەو ئاستی سەربەخۆییان جیاوازە لە یەکتری، هەر وەکو دەستە سەربەخۆکان لە ڕێکخستنی دەستوری عێراقدا هەندێکیان خاوەنی سەربەخۆیی تەواون‌و هەندێکی دیکەیان سەربەخۆیی سنوردارن لەڕووی کارگێڕیی‌و داراییەوە، لە کاتێکدا هەندێك لەم دەستانە ئاماژە بە ئاستی سەربەخۆییان نەکراوە، هەندێکی دیکەیان ملکەچن یان پەیوەست کراون بە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە یان ئەنجومەنی وەزیرانەوە. بوونی سەربەخۆیی گرنگترین تایبەتمەندی‌و پێکهاتەی دەستە سەربەخۆکانە، بەتایبەتی لە دەوڵەتی یاسایی‌و دەستوریدا گەرەنتیەکی زیاتر هەیە بۆ بوونی سەربەخۆیی ئەم دەستانە. بۆیە لێرەدا بە سێ لق باسی پێگەی ئەم دەستانە دەکەین، لە یەکەمیاندا سەربەخۆیی کارگێری و لە دووەمدا سەربەخۆیی دارایی و لە سێیەمیشدا سەربەخۆیی ئەندامی ئەم دەستانە دەخەینە روو، بەم شێوەیە:

### لقی یەکەم: سەربەخۆیی کارگێڕی دەستە سەربەخۆکان:

بۆ ئەوەی دەستە سەربەخۆکان گرەنتیەکی تەواویان هەبێت لە ڕووی یاسایی‌و سیاسیەوە، دەبێت پەیڕەوێکی تایبەت بەخۆیان هەبێت‌و کۆمەڵێك ڕێسا لەخۆ بگرێت‌و لەڕووی چۆنیەتی ڕێکخستن‌و کارکردنی دەسەڵاتی کارگێڕییەوە گرنگیەکی زۆریان پێ بدرێت. دەسەڵاتی کارگێڕی گرەنتیەکی باش دەبەخشێت بە دەستە سەربەخۆکان کاتێك لەلایەن ئەنجومەنی باڵای دەستەوە پەسەند بکرێت‌و دەسەڵاتەکانی دیکە دەست وەرنەدەنە کاروباریان. سەربەخۆیی کارگێڕی واتای ئەوە دەگەیەنێت کە توانای کارگێڕی سەربەخۆو دەسەڵاتی بڕیاردانی سەربەخۆی هەبێت کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە دەزگاکانی دەسەڵاتەوە هەبێت، هەروەها ئازادی تەواویان هەبێت لەپێناسەکردنی هەموو بوارەکانی کارگێڕیدا، ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێت کە تاکڕەوانە بڕیار بدات لە کارەکانیدا بەبێ گەڕانەوە بۆ چاودێری بەڵکو لەژێر چاودێری دەستەی ناوەندیدا دەبێت، بۆیە دەسەڵاتی کارگێڕی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ئەم دەستانە لەڕویی یاسایی‌و سیاسیەوە.

سەبارەت بە پێناسەکردنی چەمکی سەربەخۆیی کارگێڕی دەستە سەربەخۆکان ناکۆکیەکی زۆر هەبووە لەنێوان یاساناساندا، ئەمەش بەهۆی چەندین هۆکاری وەکو دامەزراوەکان‌و دەسەڵاتە گشتیەکانی دیکەوە. لێرەوە سەربەخۆیی کارگێڕی واتە ئەو دەستانە لەڕووی کارگێڕییەوە سەربەخۆن‌و سەر بەهیچ دەسەڵات‌و دەستەیەکی دیکە نەبن‌و بتوانن بەدەر لە کاریگەری دەسەڵاتەکانی دیکە بۆخۆیان بڕیار دەربکەن‌و نابێت لایەنی چاودێر لەسەریان دەستوەردان لە کارەکانیان بکات‌و بەهیچ شێوازێك لەشێوازەکان کاریگەریی لەسەریان نەبێت **(أبا خيل، يوسف، 2011، ص1)**. کەواتە دەبێت گەرەنتیەکی تەواویان هەبێت لە ڕووی کارگێڕییەوەو دەسەڵاتە کارگێڕییەکان لە دەستی دەستە سەربەخۆکان بێت بەتەواوەتی‌و بەبێ دەستوەردانی بێ پاساو لەلایەن هەر دەسەڵاتێکی دیکەوە، چونکە پێدانی هەر دەسەڵاتێکی کارگێڕی دەستە سەربەخۆکان بە دەسەڵاتەکانی دیکە بەکردەوە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دەسەڵاتی ئەم دەستانەو کاریگەری لەسەر سەربەخۆییان دەبێت لەڕووی واتایی‌و ڕاستییەوە **(القيسي، حنان محمد، 2014، ص10)**. سەربەخۆیی کارگێڕی پەیوەستە بە سەربەخۆیی ئەندامانی دەستە سەربەخۆکانەوە بە پێدانی پارێزبەندی گونجاو بۆیان، هەروەها چێژوەرگرتن لەو سەربەخۆییە بە ئازادی لە بەجێگەیاندنی ئەرکە کارگێڕیەکانیان‌و بوونی میکانیزمی کاریگەر بۆ بەدواداچوون لە ڕاسپاردەکانی ئەم دەستانەو ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بەبێ دەستێوەردان، بەڵام لەوانەیە دەستەی چاودێری دارایی سنوردار نەبێت لەئاشکراکردنی ئەنجامی کارەکاندا، سەربەخۆیی دارایی کاریگەری هەیە لەسەر گەرەنتی بوونی سەربەخۆیی کارگێڕی ئەم دەستانە **(نعيم، علي عبدالعباس، 2016، ص٢٧)**. لە بنەماکانی پێکهاتەی سەربەخۆیی کارگێڕی ئەوەیە کە توانای داڕشتنەوەی سیستەمی ناوخۆییان هەبێت، بەمەش ڕەنگدانەوەی توانای هەڵبژاردنی ئەو بنەمایانەی دەبێت کە کارەکانی خۆی پێ ڕێك دەخاتەوە بەبێ ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوەو ئازادی تەواوی هەیە لە هەڵبژاردنی ئەندامانی‌و دیاریکردنی کۆتایی هاتنی ئەرکەکانیدا، ئەمەش لە لایەن یاسا تایبەتەکانی دەستە سەربەخۆکانەوە دانراوە، هەروەك لە فەڕەنسا ئەو دەقەی کە دەرچووە لە(26تەموزی1989) کە تایبەت بوو بە

ڕێکخستنەوەی کاروباری ئەنجومەنی باڵای بینین‌و بیستنەوە **(غيدا، اسماعيل صعصان و علي، صادق محمد، 2016، ص259)**. بەڵام لە عێراقدا یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەڵێت: "ئەنجومەنی کۆمسیۆن هەڵدەستێت بە دیاریکردنی سیستەمێکی ناوخۆیی..." **(قانون مفوضية العليا المستقلة للأنتخابات، رقم 11 ،2007، البند السادس، المادة 9)**. سەبارەت بەسزادانیش، لەیاسای دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستاندا هاتووە کە: "جگە لەسەرۆکی دەستە کەس بۆی نییە لە ڕووی کارگێڕییەوە سزای فەرمانبەرانی بدات‌و ناشبێت بەهۆی کردارێکەوە کە پەیوەندی بە وەزیفەکەیانەوە هەبێت، گل بدرێنەوە یان دەستبەسەر بکرێن، تەنیا لەپاش وەرگرتنی مۆڵەت لە سەرۆکی دەستە، بە دەر لە حاڵەتی کەتن یان تاوانی بینراو" **(یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان- عێراق، ژمارە 3 ،2011، ماددەی22)**.

هەروەها ئەم سەربەخۆییە ئەوە دەگەیەنێت کە کۆمەڵێك دەستەبەری وەك ڕێسا لە دەستوری وڵاتدا جێگیر کرابن بەشێوەیەك هیچ دەسەڵاتێکی دیکە نەتوانێت دەستوەردان بکەن لە کاروباری ئەم دەستانەدا چونکە پێدانی هەر دەسەڵاتێکی دەستە سەربەخۆکان بۆ دەسەڵاتەکانی دیکە بە کەمکردنەوە لە دەسەڵاتەکانی دەستە سەربەخۆکان دادەنرێت. وە پێویستە دەستەکان ئازاد بن لە دانانی پەیڕەوی تایبەت بەخۆیان‌و دانانی سیستەمێك بۆ فەرمانبەرانیان‌و دەسەڵاتەکانی یاسادانان‌و جێبەجێ کردن‌و دادوەری گرنگیەکی زۆر بدەن بەو ڕاپۆرتانەی لە لایەن ئەم دەستانەوە بەرز دەکرێنەوە بۆ لایان، سەرەڕای ئەوەی سەربەخۆیی ئەم دەستانە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ناکرێت ئەو بڕیارانەی کە لە لایەن ئەم دەستانەوە دەردەچن لە لایەن دەسەڵاتە باڵاکانەوە هەڵبوەشێنرێنەوە تەنها لە چەند کاتێکی دیاریکراوی بەرتەسکدا نەبێت، ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت دەسەڵاتەکانی یاسادانان‌و دادوەری دەسەڵاتەکانی خۆیان بەکارنەهێنن، بەڵکو دەکرێت لە کاتی دەرکردنی بڕیاری نادروستی ئەم دەستانەدا تانە لەو بڕیارانەیان بدرێت کە دەرفەتی تانە لێدانیان هەیە **(رسول، جواس حسن، 2019، ص1064)**. نموونەی ئەم دەستانەش لە دەوڵەتە یاساییەکاندا وەکو دەستەی دەستپاکی‌و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق‌و دەستەی باڵای سەربەخۆی چاودێری هەڵبژاردنەکان لە وڵاتی جەزائیر. هەروەکو کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق خاوەنی کەسایەتییەکی واتایی‌و سەربەخۆیی دارایی‌و کارگێڕییەو ملکەچە بۆچاودێری ئەنجومەنی نوێنەران **(قانون مفوضة العليا المستقلة للأنتخابات،رقم 31، 2019، المادة 1)**. وە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان- عێراق دەبێت سەربەخۆ بێت لە ڕووی دارایی‌و کارگێڕیەوەو پەیوەست دەبێت بەپەرلەمانەوەو لە بەردەمیدا بەرپرس دەبێت **(یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە 4 ،2010، بڕگەی یەکەم، ماددەی2)**. هەروەها دەستەی دەستپاکی دەستەیەکی سەربەخۆیەو لە ژێر چاودێری ئەنجومەنی نوێنەراندایەو خاوەنی کەسایەتیەکی واتایی‌و سەربەخۆیی کارگێڕیی‌و داراییە، کە هەڵدەستێت بەڕێگیریکردن‌و نەهێشتنی گەندەڵی‌و پێشنیارکردنی یاسای پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی‌و پشتبەستن بە شەفافیەت لە بەڕێوەبردنی کارەکاندا **(قانون هيئة النزاهة، رقم ٣٠، 2011، المادة 2و3)**.

لێرەشەوە بە بۆچوونی ئێمە سەربەخۆیی کارگێڕی دەستە سەربەخۆکان جیاوازە لەو سەربەخۆیەی لەدەزگا گشتیەکاندا هەیە. زامنکردنی سەربەخۆیی کارگێڕی بە یەکێك لە مەرجە سەرەکیەکان دادەنرێت بۆ سەرکەوتنی ئەم دەستانە لە جێبەجێکردن‌و بەرەو پێشچوونی کارەکانی، بۆ گرەنتیکردنی سەربەخۆیی ئەم دەستانە، دەبێت لە ڕووی کارگێڕییەوە سەربەخۆبن‌و لە ڕووی سیاسیشەوە پێویستە سەرکردە سیاسیە باڵاکانی وڵات‌و حیزبە سیاسیەکان دەستوەرنەدەنە کاروباریان‌و بتوانن کاروباری کارگێڕی خۆیان بەڕێوەببەن بەبێ هیچ دەستێوەردانێکی سیاسی، بەمەش دەتوانرێت گرەنتی سەربەخۆیی ئەم دەستانە بکرێت.

### لقی دووەم: سەربەخۆیی دارایی دەستە سەربەخۆکان:

سەبارەت بە سەربەخۆیی دارایی چەندین پێناسە هەیە کە لەلایەن بیرمەندانەوە خراونەتەڕوو، مەبەست لەسەربەخۆیی دارایی ئەوەیە: "ئەم دەستە سەربەخۆیانە توانای بەدەستهێنانی سەرچاوەی داراییان هەبێت بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی خۆیان ئەویش لە ڕێی ئەو دەسەڵاتە داراییەی کە پێیان بەخشراوە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەواو نەك ڕووکەش" **(جمعة، ماهر، 2019، ص35)**. هەروەها بریتییە لە: "دانپێدانانی دامەزراوە گشتیەکان لەڕووی سەربەخۆیی کارگێڕی‌و داراییەوە یان دابینکردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێویستە بۆیان، دەبێت ئەم دەستانە بودجەو ژمێریاری تایبەت بەخۆیان هەبێت، هەر بۆیە زۆرجار ئەم بودجەیە سەربەخۆیە کە دەستەکە ئەو زیادەیەی کە دەمێنێتەوە دەیهێڵێتەوەو دەیپارێزێت، هەروەها سەربەخۆیی دارایی وا دەخوازێت بودجەی ئەم دامەزراوە گشتیانە کە لەلایەن دەوڵەتەوە پێیان دراوە وەك بڕگەیەکی سەربەخۆ لەبودجەی گشتی دەوڵەتدا پیشان بدرێت" **(المصدر نفسه، ص ص37-38)** . سەربەخۆیی دارایی گرنگترین دیاردەی سەربەخۆییە کەدەستەکان دەتوانن ئەم سەربەخۆیەیان هەبێت هەرچەندە بەشێکیش نەبن لەدەسەڵاتی جێبەجێ کردن. وە هۆکاریکە بۆ ئازادی کارکردن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە بۆیان دروست دەبێت لە کاتی جێبەجێکردندا، لەبەر ئەوە زۆرترین پەستان لە سەر ئەم دەستانە لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دروست دەبێت بەهۆی پەسەند نەکردنی بەشێك لە دەرخستە دارایەکانیان **(العجرش، فارس حامد عبالكريم (2008)، ص492)**. ئەگەر لەدەستە سەربەخۆکاندا دەستەی ڕێکخەر نەیتوانی داهات دابین بکات بۆ داپۆشینی تێچوونی کارگێڕی خۆیان، ئەوا ناتوانن سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن‌و ناچار دەبن سەرچاوە داراییەکانیان لە لایەن ئەو ڕێکخراوانەی کە هاوکاری ئەم دەستانە دەکەن دابین بکەن، بەمەش پشتدەبەستن بە دارایی ئەوان‌و لە بەرامبەردا بە پێی خواست‌و بۆچوونەکانیان کاردەکەن، ئەمەش دەبێتەهۆی دروست بوونی مەیلی جیاکاری لە بڕیاردان‌و ناتوانرێت هیچ هاوسەنگییەك‌و گەشبینیەك بەرامبەر بە بێلایەنی ئەو بڕیارانەی کە لە لایەن دەستەی ڕێکخەرەوە دەرکراون بەدی بکرێت **(New Zealand productivity Commission، 2014،(pp. 215-222** . لە لایەکی دیکەوە ئەم دەستانە سەرچاوە داراییەکانیان ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی دەوڵەتەوە یان لەڕێگەی ئەو داهاتەی کە لە لایەن بازاڕەوە دەستیان دەکەوێت یاخود بە هەردوو ڕێگاکە دابین دەکەن، ئەگەر دەستەی ڕێکخەر لە ژێر باری دەوڵەتدا بێت یان بە تەواوەتی دەوڵەت خاوەنی بێت‌و لە پێکهاتەکانی دەوڵەتدا بێت، ڕاستەوخۆ خەرجەکانی خۆی لێ وەردەگرێت‌و لە ئەنجامدا ئەم دەستەیە بە تەواوەتی پشت بە دەوڵەت دەبەستێت، لە هەندێك وڵاتدا دەستە سەربەخۆکان سەرچاوەی داراییان دابین دەکەن لە بودجەی پەسەند کراوی ساڵانەی پەرلەمان **(Ibid،PP.217-222 )** .

بە بۆچوونی ئێمە سەربەخۆیی دارایی دیارترین‌و گرنگترین سیماکانی دەستە سەربەخۆکانە، چونکە بەبێ ئەم سەربەخۆییە ناتوانرێت باس لە بوونی سەربەخۆیی ئەم دەستانە بکرێت، نەبوونی سەربەخۆیی داراییش کاریگەری هەیە لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەم دەستانەو پێویستی بەوەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی باڵا دەبێت.

کەواتە ئەم دەستانە بەوە جیادەکرێتەوە لە دامەزراوەکانی دیکە کە خاوەنی

بودجەیەکی سەربەخۆن، لە کاتێکدا زۆربەی دامەزراوەکانی دیکە خاوەنی ئەو بودجە سەربەخۆییە نین، هەروەها ئەم دەستانە سەرمایەکانیان لەلایەن دەوڵەتەوە خاوەندارێتی دەکرێت، کە تیایدا سامانو دارایەکەیان بە بودجەی گشتی دەوڵەتەوە لکێنراوە **(راضي، مازن ليلو، 2011، ص144)**. هەر بۆیە جۆرج فیداڵ (vedal) یاساناسی فەرەنسی جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوەو دەڵێت: "سەربەخۆیی دەزگا گشتیەکان کە بەشێکی زۆری لە بودجەو داهاتەکانیەوە لە ڕێی دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەبێت، هەر ئەمەش سەربەخۆیەکە دەکاتە بابەتێکی شێوەیی نەك کرداری، بە دەربڕینێکی دیکە ئەم سەربەخۆیە تەنها لە ڕووی یاساوەیە نەك لە ڕووی کرداریو بەرجەستەکردندا" **(نقلا عن: غيدان، اسماعيل صعصان و علي، صادق محمد، 2016، ص258)**. لە دەوڵەتە یاساییەکاندا، سەربەخۆیی دارایی ڕێگە بەم دەستانە دەدات کە بۆ خۆیان بودجەی خۆیان ئامادە بکەنو ڕاستەوخۆ لە بودجەی گشتی دەوڵەتدا بیگونجێنن بە بێ دەستێوەردانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنو لایەنەکانی چاودێری لە سەر ئەم دەستانە بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان پێداویستیەکانی خۆیان هەڵبسەنگێنن دوور لە لایەنەکانی دەرەوە **(أباخيل، يوسف، 2011، ص10)**. نموونەی ئەم سەربەخۆییە لە وڵاتاندا، وەکو سەربەخۆیی دارایی لە تونس کە بۆ ناوەندەکانی دەسەڵاتی داراییو ئابووریو ڕاگەیاندنو دەستەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیو دەستەی گەشەپێدانو بەرەو پێشبردنو مافی نەوەکانی داهاتوو و دەستەی ڕێکخستنەوەی بەشەکانی بینینو بیستن ئەمانە هەموویان سەربەخۆنو ناکەونە ژێر هیچ کاریگەریەکی (لۆبیەکانەوە) لە دارایی گشتیدا، چونکە دەستە سەربەخۆکان نابێت لە ژێر کاریگەریو چاودێری دارایی هیچ لایەنێکدا بن، بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن کە بۆ پاراستنو بەرەو پێشچوونی دیموکراسیەت پێویستن، چونکە بابەتی سەربەخۆیی پێویستە پەیوەندی بە بوونو چالاکی دەستە سەربەخۆکانەوە هەبێت **(صرصار، محمد شفيق، 2018، ص61)**. وە لە ڕێکخستنی دەستوری تونسدا ئاماژە کراوە بەوەی کە دەستە سەربەخۆکان بنەمای دامەزرازەی یاساییان هەیەو کەسایەتی واتاییو سەربەخۆی دارایان هەیە کە بەپێی دەقی یاساییو دەستوری پێیان بەخشراوەو توانای سەرپەرشتیاری خزمەتگوزاریە دیاریکراوەکانیان هەیە کەهەنێکجار لەلایەن کەسایەتیە سەربەخۆکانەوە یان پسپۆڕیو لێهاتووەکانەوە جێبەجێ دەکرێت **(غريب، هادية،بدون سنة، ص5)**. بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، بودجەی کۆمسیۆنی ڕێکخەری ووزەی فیدراڵی (FERC) لە لایەن ئەنجومەنی بیرانەوە پەسەند دەکرێتو بەشێکی دیکەی سەرمایەی دەستەکان لە ڕێگای تێچووی ساڵانەوە بۆ درێژکردنەوەی مۆڵەتی ئەو قەوارانە بەدەست دێت کە لە بازاڕە ڕێکخراوەکاندا کار دەکەن، هەروەها دەستەی ڕێکخستنی کەرتی نەوت حکومینو لە ئەنجامدا کۆمەکی حکومەت بەکاردەهێنن، دەستە سەربەخۆکانو دەزگا ڕێکخەرەکانی دیکەی ووزەی ئەمریکا لە ڕێگای بودجەی دەوڵەتەوە پارەیان بۆ تەرخان دەکرێت **(أمين زادة، الهام و مقيمي، ليلى، 1396، ص361)**. هەروەها لە هەرێمی کوردستاندا دستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان- عێراق، لە نێو بودجەی گشتی هەرێمدا تەرخانکراوی دەبێت **(یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان- عێراق، ژمارە 3، 2011، ماددەکانی 1و21)**. وە لە عێراقدا لە ڕووی یاسایشەوە ئەم دەستانە سەربەخۆیی داراییو کارگێڕی تەواویان هەیەو خاوەنی کەسایەتی سەربەخۆی خۆیانن **(قانون المفوضية العليا لحقوق الانسان، رقم (53)، 2008، البند أولاً، المادة 2، أيضا قانون مجلس الخدمة العامة الاتحادية، رقم (4)، 2009، المادة 2)**. لە ڕووی ڕێکخستنی دەستورییەوە لەم وڵاتەدا دەستەیەکی گشتی لە شارەزایان بە یاسا دادەمەزرێت بۆ چاودێریو تەرخانکردنی داهاتی فیدراڵیو دڵنیابوون بۆ باشترین شێوەی بەکارهێنانی دەرامەتی داراییو دابەشکردنی بە دادپەروەرانە بە پێی یاساو دوور لە دەستێوەردانی سیاسی لە لایەن دەسەڵاتو لایەنەکانی دیکەوە **(برادۆست، کەریم بەحری، 2006، ل ل93-94)**. بەڵام لە وڵاتی ئێراندا، لەگەڵ پشتبەستنێکی تەواو بە دەستەی ڕێکخەری بازاڕی کارەبای ئێران بۆ وەزارەتی وزە، ئەو سەرچاوە دارایانەی کە پێویستی پێیەتی لە ڕێگەی بودجەی دەوڵەتەوە دابین دەکرێن. بەپێی ماڵپەڕی کۆمپانیای بەڕێوەبردنی تۆڕی کارەبای ئێران، هەموو پشکەکانی ئەم کۆمپانیایە لە لایەن خودی کۆمپانیاکەوە خاوەندارێتی دەکرێتو لە ڕووی داراییەوە بە تەواوەتی سەربەخۆن. هەروەکو لە یاساکەیدا هاتووە کە: "کۆمپانیاکە کەسایەتییەکی یاساییو سەربەخۆی هەیەو وەك کۆمپانیایەکی هاوبەشی (تایبەتمەند) کاری پێدەکرێت، کۆمپانیاکە لە هەموو ساتێکدا سەربەخۆیی دارایی هەیەو بەپێی بڕگەکانی یاسا کاردەکات" **(اساسنامه شركت سهامی مديريت شبكه برق ايران، شماره32164/ت30572هـ،1383/6/30، فصل أول، ماده 4)**.

بە بۆچوونی ئێمە کاری دەستە سەربەخۆکان کاتێك ڕوونو شەفاف دەبێت کە دارایی سەربەخۆیی خۆیانیان هەبێت دوور لە دەستێوەردانو بڕیاردانو فشار خستنەسەریان، ئەگەر هاتوو لەڕووی داراییەوە ئازاد نەبوون لە هەڵسوکەوتەکانیانداو لە لایەنێکی دیکەی دەسەڵاتەوە بودجەو داراییان بۆ دابینکرا، ئەوا لە ڕووی سیاسیەوە دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو لایەنە یان ئەو دەسەڵاتو پارتانەوەو بە پێی خواستو ویستی ئەوان کاردەکەن، بەمەش سەربەخۆیی خۆیان لە دەست دەدەنو دەکەونە ژێر کاریگەری ئەوانەوە، بۆیە باشتر وایە ئەم دەستانە خاوەنی بڕیاری خۆیان بن لە ڕووی داراییەوەو بڕیاری ئامادەکردنو دانانی بەرنامەکانیان بەپێی توانای دارایی ئەو بودجەیە بێت کە پێویستیانە لەکاتی جێبەجێکردندا، تاوەکو بتوانن گرەنتیەکی تەواو بەدەست بهێنن لە سەربەخۆیی داراییاندا، بەمەش لە ڕووی سیاسیو یاساییەوە سەربەخۆ دەبنو ناکەونە ژێر چاودێریو دەسەڵاتی هیچ هێزو دەسەڵاتێکەوە. واتە دەبێت سنوری گەرەنتی سەربەخۆی دارایی ئەم دەستانە زیاد بکرێتو خاوەنی سەربەخۆیی کرداریبن.

### لقی سێیەم: سەربەخۆیی ئەندامی دەستە سەربەخۆکان:

لەگەڵ گرەنتی بوونی سەربەخۆیی داراییو کارگێڕی دەستە سەربەخۆکان، بۆ سەرکەوتن لە کارو ئەرکەکانیاندا پێویستە سەربەخۆیی ئەندامیشیان هەبێت، سەربەخۆیی ئەندامی ملکەچ بوونو پابەند بوونی دەستە سەربەخۆکان دەگرێتەوە لەڕووی پێکهاتنیانەوە بۆ کۆمەڵێك ڕێسای دیاریکراو کە مەبەستیان بەرز ڕاگرتنو چەسپاندنی سەربەخۆیی ئەم دەستانەیە لەبەرامبەر دەسەڵاتەکانی دیکە بەتایبەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، هەربۆیە بۆ پاراستنی ئەم سەربەخۆییە لەبەرامبەر دەسەڵاتەکانی دیکە، پێویستیان بەدەزگایەکی ڕێکخراوی سەربەخۆ هەیە، بەم شێوەیە ئەم دەستانە پێویستیان بەپاراستنی سەربەخۆیی خۆیانە بەرامبەر بەدەسەڵاتی سیاسی، هەروەها خۆیان بۆیان هەیە بڕیار بدەن لەسەر دامەزراندنی فەرمانبەرانی خۆیان **(سيف الهنائي، سليمان بن محمد، 2018، ص99)**. بۆیە بیرۆکەی سەربەخۆیی ئەم دەستانە لەم ڕوانگەیەوە خۆی لەچەند پێوەرێك دەبینێتەوە لەوانە: چۆنیەتی دروست بوونو پێکهێنانی ئەم دەستانە، شێوازی دامەزراندنی ئەندامەکانیان، ئاستو ئەندازەی دەسەڵاتی سیاسیان لەوڵات بۆ لابردنو نوێکردنەوەی ئەندامێتی فەرمانبەرانی ئەم دەستانە، هەروەها دەستەبەرکردنی جێبەجێ کردنی سەرجەم ڕێساو یاساکانی پەیوەست بەکاری فەرمانبەرێتیو گەرەنتیکردنی شێوازی دانانی سەرۆکی دەستە یان فەرمانبەرانی و پێشخستنو گواستنەوەو کۆتایی هێنان بەخزمەتەکانیان. وە پابەندبوون بە چوارچێوە دەستوریو یاساییەکانو هەر دۆخێکی دیکە کەپەیوەندی بەبێلایەنی ئازادیو پابەندبوونی ئەم دەستانەوە هەبێت لەئەنجامدانی ئەرکی چاودێری خۆیانو بابەتیو

سەربەخۆیی ئەم دەستانە **(رسول، جواس حسن، 2019، ص1064، أيضا أرحيم، هشام جميل كمال، 2012، ص21)**. کەواتە پشت بە سیستەمێکی ناوخۆیی دەبەستێت بۆ دەستەکەی لەکاروباری فەرمانبەران‌و ئەو کەسانەی کە پەیوەنیان پێیانەوە هەیە. لەگەڵ ئەو تێبینیەی کە ژمارەی ئەو لایەنانەی کە هاوکارن لە دامەزراندن‌و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دەستەکانداو لەدامەزراندنیاندا شێوازێکی شکلی وەرگرتووەو ئەمیش شێوازێکی فەرمی وەرگرتووە پێشتر **(أمير، عبو سعدي، 2018-2019، ص33)**. لەڕێکخستنی دەستوری‌و یاسایی دەوڵەتە یاساییەکاندا، دامەزراندن‌و دانانی ئەندامانی دەستە سەربەخۆکان، بەهەمان شێوازو میکانیزم نییە، بەڵکو لەدەستەیەکەوە بۆ دەستەیەکی دیکە دەگۆڕێت. هەروەکو لەهەندێکیاندا دەکرێت دیاردەکانی سەربەخۆیی وێنا بکەین لەڕووی ئەندامییەوە بەڕێکخستنی یاسایی بۆ دامەزراندن‌و لادان‌و دیاریکردنی ماوەی کارکردنی سەرۆك‌و ئەندامانی باڵای دەستەکە پاشان لەبەخشینی سەربەخۆیی دارایی‌و ئابووری پێیان لەڕووی وەزیفییەوە، لەبەرامبەردا ملکەچبوون بۆ چاودێری‌و لێپرسینەوە چ وەك بەرپرسانی دەستە چ وەك کارو بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان. هەرچەندە ئەم بابەتانە لەڕووی یاساییەوە بەیەك شێوە هەنگاوی بۆ نەنراوە، هەر لەپاڵاوتن‌و دیاریکردنی سەرۆك‌و ئەندامانی باڵای بەڕێوەبردنی دەستەکان لەنێوان دەسەڵاتەکان لایەنی دیاریکارو دامەزرێنەریان جیاوازە بەجۆرێك هەندێکیان پاڵاوتن‌و پەسەندکردنیان لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانەوە بەدیاریکراوی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دیاریکراوە وەك دەستەی دەستپاکی‌و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان‌و دیوانی چاودێری دارایی لەعێراق **(حسن، سۆران على،2021، ل ل325-326)**. هەروەکو لەیاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژرادنەکاندا هاتووە کە ئەنجومەنی کۆمسیۆن لە (9) ئەندام پێکهاتووە، بەشێوەیەك کە(5) دادوەر لەکۆی پاڵێوراوەکان لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری باڵاوە دادەنرێت بەتیروپشکی ڕاستەوخۆبەئامادەبوونی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان **(قانون المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، رقم 31، 2019، المادة 3)**. بۆ دیاریکردنی سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لەیاساکەیدا هاتووە کە ئەنجومەنی نوێنەران لیژنەیەکی (9) کەسی لەلیژنەی دەستپاکی پێکدەهێنێت بۆ دیاریکردنی (3) کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمسیۆن، کە ئەنجومەنی نوێنەران بەزۆرینەی ڕەهای ئەندامەکانی یەکێك لە کاندیدەکان پەسەند دەکات. لەهەمان کاتدا سەرۆکی دەستەکە دوو جێگری هەیە بە پلەی بریکاری وەزیر کە بەهەمان شێوەی سەرۆکی دەستەو بەهەمان مەرج، جێگری یەکەمی دەبێت هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ بێت لەیاساداو جێگری دووەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆ لەبواری پەروەردە یان ڕاگەیاندا هەبێت **(قانون هيئة النزاهة، رقم 30، 2011، المادة 4و8)**. بەڵام لە فەرەنسادا سەربەخۆیی ئەندامی دەستە سەربەخۆکان شێوازێکی دیکەی وەرگرتووە، هەروەکو لە دەستەی ڕێکخەری کارەبایدا، کۆمسیۆنی چاودێری‌و کۆنترۆڵی ووزە لە (5) ئەندام پێکهێنراوە، سەرۆکی کۆمسیۆنەکە لەگەڵ (2) ئەندامی دیکە بۆ ماوەی (6) ساڵ بەڕاوێژ لەگەڵ مەرسومی سەرۆك کۆمارو بەڕاوێژ لەگەڵ لیژنەکانی وزەی پەرلەمان دیاریدەکرێت، (2) ئەندامی دیکە بۆ ماوەی (4) ساڵ لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی‌و سەرۆکی ئەنجومەنی پیرانەوە دەستنیشان دەکرێت. وە ئەندامانی دەستەی کۆمسیۆن ناچارن بەتەواوی لەکۆمسیۆندا خزمەت بکەن، ناکرێت ئەندامانی کۆمسیۆن لەماوەی (6) ساڵی کارو چالاکیەکانیدا لەکار دووربخرێنەوە، تەنیا لەبارودۆخەکانی وەك خانەنشینی کەم ئەندامی‌و هەڵەی گەورە لەجێبەجێکردندا نەبێت‌و لەکاتی سەرپێچیکردن‌و سازش نەکردنی ئەو ئەندامە ناچار بکرێت. بڕیاری خانەنشینی دوای ڕاوێژی وەزیری ووزە لەگەڵ کۆمسیار بۆ چاودێری و کۆنترۆڵی ووزە واژۆ دەکرێت **(مقيمي، ليلى وخاني، مهدي فرهاد، 1395، ص4)**. کەواتە یەکێکی دیکە لە پێداویستیە سەرەکییەکانی سەربەخۆیی ئەم دەستانە، سەربەخۆیی ئەندامانی دەستەکەیە لەحکومەت‌و ئەندامانی دامەزراوەو دەسەڵاتەکانی دیکە. پێویستە بۆ دیاریکردن‌و دانانی ئەندامانی ئەم دەستانە پشت بە شارەزایی‌و لێهاتوویی ئەندامان ببەسترێت‌و بەپێی یاسا کاریان بۆ بکرێت. وە دەکرێت ئەندامان بۆ یەك خول یان زیاتر لەیەك خولی یەك لەدوای یەك هەڵبژێردرێن، بێگومان ئەگەر دیاریکردن‌و دانانی سەرۆك‌و ئەندامانی دەستە سەربەخۆکان لەلایەن دامەزراوەو پارتە سیاسییەکانەوە بێت بەشێوەی پشکپشکێنە، ئەوا ئەو دەسەڵاتە سیاسییە کاریگەری لەسەر بیروبۆچوونی ئەندامانی دەستەکە دەبێت، بەمەش بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆی بەکاریان دێنێت‌و سەربەخۆیی ئەندامانی دەستەکە لەناو دەبات بەهۆی دەستێوەردانەوە **( New Zealand productivity Commission،2014، pp. 215-222 )**. لە ڕێکخستنی یاسایی دەستە سەربەخۆکانی عێراقدا تیشك خراوەتە سەر چەند بابەتێك لەوانە ڕێکارەکانی دامەزراندن‌و دیاریکردن‌و لێخۆشبوونی ئەندامانی دەستە سەربەخۆکان، بۆ نموونە بە پێی یاسای دەستەی دەستپاکی سەرۆکی دەستە بە پلەی وەزیر دادەنرێت بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ماوەی (5) ساڵ" **(قانون رقم 30، 2019، التعديل الأول لقانون هيئة النزاهة، رقم 30، 2011، المادة 4)**. سەبارەت بەم سەربەخۆیەش لە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقدا بەم جۆرە جەختی لەسەر کراوەتەوە: "مەبەست لەو سەربەخۆیەی کە لە بەندی (١٠٢) ی دەستووردا هاتووە ئەوەیە کە فەرمانبەرانی دەستەی دەستپاکی، سەربەخۆن لە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکانەی کە لە یاسای دەستەکەدا هاتووەو جگە لە یاسا کەس سەروەر نییە لە سەریان لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانەو هیچ لایەنێك بۆی نییە دەستوەردان یان کاریگەریی هەبێت لە سەر دەستە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، بەڵام دەستە ملکەچە بۆ چاودێری ئەنجومەنی نوێنەران لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیداو ئەگەر سنووری بەزاند یان سەرپێچیی کرد، ئەوا تەنیا ئەنجومەن دەتوانێت لێی بپێچێتەوەو ڕێکاری پێویست لەم بارەیەوە بگرێتە بەر، بەڵام لە ڕووی پەیوەندیی دەستەوە، ئەوا دەستوور هیچ لایەنێکی دیاری نەکردووە بۆ ئەم پەیوەندیەو ئەمیش واتای ئەوەیە کە دەستە خۆی خۆی بەڕێوە دەبات بە گوێرەی یاساکەی‌و لەم بارەیەوە هاوشانی بانکی ناوەندییە کە خاوەنی سەربەخۆییە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بە بێ دەستوەردانی هیچ لایەنێکی دیکە" **(قرار المحكمة الاتحادية العليا، العدد 228/ت/2006، 2006)**.

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە لە گەڵ بوونی سەربەخۆیی ئەندامی لەم دەستانەدا، بەڵام ئەم سەربەخۆییە ڕێژەییە نەك ڕەهایی، ئەندامانی دەستە سەربەخۆکان ناتوانن بە تەواوەتی ئامانجە خواستراوەکانی ئەم دەستانە بەدیبێنن. لەبەر ئەوە بە بۆچوونی ئێمە لە زۆربەی دەوڵەتە یاساییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهۆی دۆخی سیاسی‌و ناکۆکی ناوخۆیی‌و سیستەمی سیاسی‌و حکومڕانی وڵاتانەوە، نەتوانراوە سەربەخۆیی ئەم دەستانە بپارێزرێت‌و دەستێوەردان کراوە لە کاروباریاندا، هەروەکو لە عێراقدا لە ڕووی دەستورییەوە دەستەکان سەربەخۆن، بەڵام لە ڕووی کردەییەوە هەوڵ هەبووە بۆ جڵەوکردنی ئەم دەستانە، بە تایبەتی لە سەردەمی حکومڕانی (نوری مالیکی)، تەنانەت لەو سەردەمەدا دەستێوەردانی دەکرد لە دامەزراندنی کارمەندانی ئەو دەستانە، بە تایبەتی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان.

## داخوازی دووەم

## سروشتی یاسایی دەستە سەربەخۆکان و هۆکارەکانی پێکهێنانیان

لە گەڵ ئەوەی کە پێشتر ئاماژەمان کرد بەوەی کە یاسادانەری دەستوری گەرەنتیو مانەوەی دەستە سەربەخۆکانیان لە پێگەی ئەم دەستانەدا دەبینییەوە لە ڕووی سەربەخۆییەوە. لە هەمان کاتدا دیاری کردنی سروشتی یاسایی ئەم دەستانە هەنگاوێکی گرنگی لە ڕێکخستنی دەستوریو یاساییدا تۆمار کردووە. بۆیە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر سروشتی یاساییو هۆکارەکانی پێکهێنانی دەستە سەربەخۆکان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

### لقی یەکەم: سروشتی یاسایی دەستە سەربەخۆکان:

زانایانی یاسایی دەربارەی دیاریکردنی سروشتی دەستە سەربەخۆکان چەندین ڕاو بۆچوونی جیاوازیان هەیە. هەندێکیان پێیان وایە، کە ئەم دەستانە خاوەن سروشتێکی کارگێڕین، بەڵام بۆچوونێکی دیکە دەڵێت ئەم دەستانە خاوەن سروشتێکی دەستوورین، هەر بۆیە دەستور گەرەنتی چارەسەرکردنی یاساکانی کردووە لەناو دەقی دەستوردا. ئەمەش وای کردووە کە بڵێین ئەم دەستانە کۆمەڵێك دامەزراوەن کە بەپێی دەقی دەستوور دامەزراونو پشتی پێ دەبەستن **(القيسي، حنان محمد، 2014، ص6)**. هە ربۆیە لێرەدا سروشتی دەستە سەربەخۆکان ڕوون دەکەینەوە بەسێ خاڵ، ئەوانیش دەستە سەربەخۆکان وەك دەسەڵاتی کارگێڕیو دەستە سەربەخۆکان وەکو دەسەڵاتی چوارەمو ئەم دەستانە وەکو خاوەن سروشتێکی دادوەری یان نیمچە دادوەری، بەپێی بۆچوونی یاساناسانو توێژەران بەم شێوەیە:

### یەکەم: دەستە سەربەخۆکان دەسەڵاتی کارگێڕین:

لایەنگرانی ئەم بۆچوونە بۆ نموونە (یاسر باسم زنون السبعاوي وهشام جميل كمال أرحيم) پێیان وایە کە دەستە سەربەخۆکان دەستەیەکی کارگێڕی سەربەخۆن نەك دەستوری چونکە دەزگاکانی دەستوری خۆیان لە سێ دەستەڵاتە گشتییەکە دەبیننەوە، بەڵام ئەم دەستانە ئامانجیان چارەسەرکردنو چاودێری کردنی بارودۆخێکە لە دەوڵەت بۆ پارێزگاری کردن لەمافو ئازادییەکانو دابینکردنی پێداویستییە جۆراوجۆرو نوێکان لە ڕێگەی دامودەزگا کارگێڕییە کلاسیکیەکان ناتوانرێت بە تەواوی دەستەبەر بکرێن لەبەر ئەوەی دامودەزگا کارگێڕیەکان دەسەڵاتەکانیان بەشێوەیەکە کە هەڵقوڵاوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، لە لایەکی دیکەوە ئەم دەستانە ئامرازێکی پەیوەندی سەرەکین لە نێوان دەسەڵاتی جێبەحێکردنو هاوڵاتی لە ڕێگەی هێنانەکایەی جۆرێك لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، بۆیە ئەم دەستانە بە تەواوکەری دامودەزگاکانی دەوڵەت دادەنرێنو جیاکراونین لە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتو ئامانجیان هەمان ئەو ئامانجەیە کە دەسەڵاتی جێبەجێردن هەیەتی **(السبعاوي، ياسر باسم زنون، 2016، ص218)**. لە گەڵ ئەوەی کە ئەزموونی هونەریو تایبەتمەندیە بە دەست هاتووە دیاریکراوەکان بۆ داخوازیە سروشتیەکانو ڕاسپاردەی لایەنە جیاوازەکانی کاری دەوڵەتو خزمەتگوزاریە گشتییەکان دەیخوازێت، ئەتوانین بڵێین ئەم دەستە سەربەخۆو دەسەڵاتە سەربەخۆیانە هەڵدەستن بە ڕێکخستنەوەی کاروبارەکان بە پێی بوارەکانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی یان ئاینی بەپێی بۆچوونی یاساناسانو داخوازیەکانی دەوڵەتە نوێیەکان، ئەم دەستانە تەنها جۆرێکی نوێن کەتایبەتمەندی بەڕێوەبردنی دەوڵەت دەیخوایێت، بۆیە ناتوانن بە کارەکانیان هەستن بە سەربەخۆیانەو بەبێ کارکردن لە گەڵ حکومەتدا، هەروەکو ئامانجە سیاسیەکانی حکومەتیان پێ جێبەجێ ناکرێت لە گەڵ ئەوەی توانا و تایبەتمەندی هەندێك دەسەڵاتی دیکەیان هەیە، ڕێگەی گەرەنتیو ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ سەرۆکی ئەم دەستانەو تاکڕەوی کردنی لە دانانی بنەماکانی ڕێکخستنی دەسەڵاتو ئەوانەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد لەم بۆچوونانە دەبینین کە دەسەڵاتە سەربەخۆیەکان خاوەنی سروشتێکی کارگێڕینو پابەندن بە دەستە ئاسایەکانی دەوڵەتەوە هەروەك دەتوانن سەربەخۆیەکی تایبەتیان هەبێت لەو ئەرکە تایبەتیەی کە پێیان سپێردراوە بۆ خزمەتی دەوڵەت بە شێوەیەك لە شێوەکان لە ژێر چاودێری چاودێری دادوەریدان ئەم سیستەمە لە فەڕەنسا کاری پێکراوە لە ژێر ناونیشانی دەسەڵاتە سەربەخۆکانی خاوەن سروشتە کارگێڕیەکان **(أرحيم، هشام جميل كمال، 2012، ص34)**. هەروەها لە عێراقدا ناتوانین ناوی دەسەڵاتی گشتی بنێین لە دەستە سەربەخۆکان وەك بنەمایەکی بنەڕەتی کە بتوانێت فەرمانڕەوایی دەستەکان بکاتو نوێنەرایەتی دەزگایەکی فەرمی سەربەخۆو جیاواز بێت لە دەسەڵاتەکانی دیکە، هەر بۆیە سەربەخۆیی تەواو بەم دەستانە ئەوە ناگەیەنێت کە توانای مانەوەیان هەبێت لە دەرەوەی سێ دەسەڵاتە کلاسیکییەکە، بۆیە هیچ ڕێگریەکی دەستوری نابینرێت لە مانەوەی پەیوەندی ئەم دەستانە بە هەر یەکێك لەدەسەڵاتەکانی یاسادانان یان جێبەجێکردنەوە بە شێوەی هاوکاریکردنو پێکەوەبوون یان ملکەچ بوونی بۆ چاودێری ئەوان **(طالب، مصدق عادل، 2018، ص159)**. لە کاتێکدا لەڕێکخستنی دەستوری عێراقو بەپێی دەقە دەستورییەکان ئاماژەکردن بەسەربەخۆیی داراییو کارگێڕی بۆ هەریەکێك لە بانکی ناوەندیو دیوانی چاودێری داراییو دەستەی ڕاگەیاندنو پەیوەندییەکانو وەقفە ئاینییەکان، ئەوەمان پیشان دەدات کە دەستەی کارگێڕین، ئەگەر بەپێچەوانەوە بوایە باس لە سەربەخۆیی کارگێڕییان نەدەکراو بەتایبەتی کارگێڕیش بەشێکە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن، سەرەڕای بەستنەوەی هەندێك لەم دەستانە وەك دیوانی وەقفە ئاینییەکانو دەزگای شەهیدان بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە **(دەستوری کۆماری عێراق 2005، ماددەکانی 103و 104)**. بەڵام لە سەر بنەمای سروشتی یاسایی کارکردنی ئەم دەستانە شێوازی دیکە هەیە، لە گەڵ ئەوەی کە دەستور ئەم دەستانەی بە سروشتی خۆیان وەك دەستەیەکی جێبەجێکار یان دادوەری یان چاودێری لە گەڵ ئەو دەقەی کە پەیوەندی بەم دەستانەوە هەیە سروشتێکی جێبەجێکاری بە ئەنجومەنی نوێنەرانو پەیوەندی دەستەکە بە سروشتی دادوەرییەوە دەبەستێتەوە بە ئەنجومەنی نوێنەرانو وەزارەتەوە وە پەیوەندی ئەو دەستانەی سروشتی چاودێریان هەیە بە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی تێکەڵکردنی کاری ئەم دەستانەو سەرچاوەکانیان، هەر بۆیە بنەمای سەربەخۆیی درزێکی گەورە دروست دەکات ئەگەر دەستەیەك هەبێت سروشتی دادوەری هەبێت دەستەیەکیش هەبێت دەستەی دەستپاکی بێت، کە لێرەدا لێکۆڵەر توانای لێکۆڵینەوەی هەیەو دەبێتە بەشێك لە دەسەڵاتی دادوەری، بۆیە ئەگەر وابێت ئەم بنەمای سەربەخۆیە پێشێلکاری مافی دادگاکان دەکات، کە ئەمەش ڕاستییەکەی لە فەرمانی ژمارە 55ی ساڵی 2004 دیاریکراوە کە بە پێی ئەم بڕیارە دەستەی دەستپاکی دروستکراوە، هەروەها بنەمایەکە بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو بنەمایەکی سەربەخۆی دادوەریی زیادکراوە بۆ بانکی ناوەندی وەك دەزگایەك بۆ پارێزگاری کردنی تەواو لەداهاتە داراییەکانی دەوڵەتو دوورخستنەوەیان لە سەرپەرشتیکردنو دەستێوەردانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن **(الموسوي، ناصر عمران، 2015)**.

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەم جیاوازییە دروست بووە لەکاتێکدا دەستە سەربەخۆکان سەربەخۆیی خۆیان لە دەست دەدەن ئەگەر وابەستە بن بە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە یان بۆ گەڕانەوەیان بۆ لای ئەو دەستە سەربەخۆیانەی کە سروشتێکی دادوەری یان جێبەجێکاریان پێ بەخشراوە، جا بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە یەکلا

بکرێتەوە، وا باشترە یاسادانەران کاتێك کە دەقێك دادەنێن پەیوەندی بەم دەستانەوە هەبێت دەقێکی دەستوری دیکەش دابنێن بۆ هەر یەکێك لەم دەستانەو سەربەخۆیی تەواویان پێ ببەخشێت نەك هەموویان لە ژێر یەك دەقدا کۆ بکاتەوەو بیان بەستێتەوە بە یەك لایەنەوە بەبێ ڕەچاوکردنی دەسەڵاتەکانیان. وە هەرچەندە بەڕای هەندێك لەلایەنگرانی ئەم بۆچوونە، دەستە سەربەخۆکان دەسەڵاتی کارگێڕین، بەڵام بەپێچەوانەوە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نیم، بەبۆچوونی من ئەم دەستانە لەڕووی سروشتی یاساییەوە دەسەڵاتی کارگێڕی نین چونکە لە دەستوری بەرکاری عێراقدا باس لەم دەستانە کراوە وەك دەستەیەکی سەربەخۆو جیا لە دەسەڵاتە گشتییەکان، هەرچەندە هەندێك لەدروستییان تێدا بەدیدەکرێت، وەکو ئەوەی کە لە ڕێکخستنی دەستوری عێراقدا باس لەسەربەخۆیی کارگێڕی هەندێك لەم دەستانە کراوە. لەکۆتاییدا پێویستە ئەم دەستانە خاوەنی گرەنتییەکی تەواو بن لەڕووی سروشتی یاساییەوەو لەڕووی سیاسیشەوە دەستێوەردان نەکرێت لەکاروباری کارگێڕییان.

### دووەم: دەستە سەربەخۆکان خاوەن سروشتێکی دادوەری یان نیمچە دادوەرین:

بەپێی تێڕوانینی هەندێك لە توێژەران و یاساناسانی ئەم بوارە بۆنموونە (علي عبدالعباس نعيم) لە شیکردنەوەی سروشتی دەستە سەربەخۆکانو ئەو تایبەتکاریانەی بۆیان دیاریکراوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم دەستانە سروشتێکی دادوەری یاخود نیمچە دادوەرییان هەیە، ئەویش بەهۆی سروشتی ئەو ئەرکەی پێیان سپێردراوە لە یەکلاکردنەوەی کێشەکاندا، هەروەها ئەم دەستانە دەکرێت پلەی دادوەرییان هەبێتو بە دادوەری هەژماربکرێن بە پێی بەڵگەکانیانو ئەو دەسەڵاتانەی پێیان دراوە بۆ دەرکردنی بڕیار، وەکو لیژنەی بانکی لەفەرەنساو دەستەی دەستپاکی لە عێراقدا، هەروەها ئەو دەسەڵاتانەی کە کاریان پێ دەکرێت لە لایەن ئەم دەستانەوە هاوشێوەی دەسەڵاتی دادوەری کارپێکراون، وەکو لێکۆڵینەوەو سکاڵاو پشتبەستن بە پارێزەر لە سەر بنەمای ئاشکراو جۆرەکانی دیکە **(أرحيم، هشام جميل كمال، 2012، ص32)**. ئەم بۆچوونو تێڕوانینەش پشتگیری دەکرێت بە ڕاڤەکارییەکانی دەستوری لە لایەن دادگای باڵای فیدراڵییەوە لە میانەی هەژمارکردنی وەکو بەشێك لە دەسەڵاتە پێکهێنەرەکانی پەیکەربەندی پێکهێنەری کۆماری عێراقی فیدراڵ نەك خودی دەستەکان دەسەڵاتێکی نوێ بەرجەستە بکەن وەکو لەمیانەی بڕیارێکی پەیوەندیدار بەو بابەتە ئاماژەی پێکردووە **(قرار محكمة اتحادية العليا، العدد 88/اتحادية/2010، 2011/1/18)**. نموونەی ئەو دەستە سەربەخۆیانەی کە سروشتێکی نیمچە دادوەرییان هەیە، وەکو بانکی ناوەندی عێراقی کەدادگایەکی تایبەتمەند بەکاروباری بانکی هەیەو تەمیز بەرامبەر بە بڕیارو ڕێ وشوێنەکانی بانکی ناوەندی عێراق وەردەگرێت. دەستوریش باری سەربەخۆیی بەم دەستانە بەخشیوە تاوەکو کاروبارەکانیان بەبێ لایەنەو شەفافانە جێبەجێ بکەن. بەمەش پارێزگاریەکی گەورە لەم دەستانە دەکرێت تاوەکو سروشتێکی دادوەری یان نیمچە دادوەرییان هەبێت، لە لایەکی دیکەوە ناتوانرێت دیوانی چاودێری دارایی بە دەسەڵاتی دادوەری تەواوو تایبەتمەند لە دەوڵەتەکانی ئەنگلۆساکسۆنی یان سیستەمی لاتینیدا دابنرێت **(نعيم، علي عبدالعباس، 2016، ص ص102-103)**. بەڵام لە فەرەنسا بە پێی بڕیاری ژمارە (82-155) لە (30دیسەمبەری1982) ی ئەنجومەنی دەستوری جەختی لەسەر کراوەتەوە بۆ پێدانی مافی سەپاندنی سزاکان، بۆ نموونە لەبواری باجدا، بەڵام تەنها لەو بوارەدا سنوردار نەکراوە، درێژکرایەوە بۆ سزاکانی سروشتی کارگێڕی، بەپێی ئەم ڕوانگەیە ئەم دەستانە وەك دەسەڵاتی دادوەری مافی ئەوەیان هەیە سزا دەربکەن بۆ بەربەستکردن لە سەرپێچیکەرانی یاساو ڕێنماییەکان. ئەنجومەنی دەستوری فەرەنساش مافی سەپاندنی سزاکانی داوە بە ئەنجومەنی باڵای دەنگو بینراوەکان (CSA)، بە مەرجێك بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پێشێل نەکرێت، ئەویش بە ڕەچاوکردنی تەکنەلۆژیای باڵا، کە پێویستە بە ووردی تایبەتمەند بێت بە ڕێگا جۆراوجۆرەکانی پەیوەندیکردنو چەند ڕەچاوێکی گرنگی دیکە لە ناو دەسەڵاتی دادوەری خۆیدا لە چوارچێوەی مۆڵەتپێدان **(عيساوي، عزالدين، 2018، ص211)**.

بەمەش لە سروشتی یاسایی دەستە سەربەخۆکانەوە دەردەکەوێت، ئەگەر ئەم دەستانە بە خاوەن سروشتێکی دەستووری دابنرێت، هەندێ ئەنجامی لێ دەکەوێتەوە کە بریتین لە **(وەلەد بەگی، ئازاد، 2019)**:

یەکەم: سەرۆك و ئەندامانی ئەم دەستانە دەبێ پابەند بن بەو چوارچێوە دەستووریەی کەلە دەقی دەستووردا بۆیان داڕێژراوەو ئەگەر بەپێچەوانەوە بجووڵێنەوە ئەوا بەوە دادەنرێت کە سەرپێچیی دەستووریان کردووە .

دووەم: سێ دەسەڵاتە کلاسیکیەکە، ناتوانن پێشێلی سەربەخۆیی ئەم دەستانە بکەن.

سێیەم: بەپێی باڵا دەستی دەقی دەستور لەسەر یاسا ئاساییەکان، ئەوا لە ئەگەری هەموارکردنی بنەما سەرەکیەکانی پێکهێنانی ئەم دەستانەدا دەبێ هەمواری دەقی دەستوری بکرێت.

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە هەرچەندە بەبۆچوونی هەندێك لە توێژەران، لەسروشتی دادوەری یان نیمچە دادوەری دەستە سەربەخۆکاندا، هەندێ لە بڕیارەکانی ئەم دەستانە بڕیاری یەکلاکەرەوەنو شیاوی تانەلێدان نین کەئەمەش تەنها بۆ بڕیارەکانی هەندێ لە دادگاکان شیاوە. هەروەها هەندێ لەم دەستانە جۆرێ لە دەستەڵات پیادە دەکەن لێکچووە لەگەڵ ئەو دەستەڵاتانەی لەلایەن دادگاکانەوە پیادە دەکرێت، بۆیە ئەم دەستانە بەسروشتێکی دادوەری یان نیمچە دادوەری دادەنێن. بەڵام بەپێچەوانەوە لەگەڵ ئەم تێڕوانینو بۆچوونەدا نیم، لەبەرئەوەی لەلایەکەوە نابێت سزا سەپێندراوەکان لەلایەن ئەم دەستانەوە ئازاد بن، چونکە ئەم سزایانە تەنها لە دەسەڵاتی دادوەریدان، لەلایەکی دیکەوە هەموو ئەو سزایانەی کە لەلایەن دەستەکانەوە سەپێنراون، گەرەنتی یاساییان هەیەو لەژێر چاودێری یاسادانانداندان، لەم بوارەشدا لەبنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان جیادەبێتەوە، هەروەك ئەوەی کەلە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا هەیەو ئەمەش پێچەوانەی کارو سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییە. کەواتە بەبۆچوونی ئێمە دەستە سەربەخۆکان خاوەن سروشتێکی دادوەری نین.

### سێیەم: دەستە سەربەخۆکان وەك دەستەڵاتی چوارەم:

لایەنگرانی ئەم بۆچوونە بۆ نموونە (حدري سمير و فارس عبدالرحيم حاتم) پێیان وایە کە دەستە سەربەخۆکان دەسەڵاتی چوارەمن، هەروەکو بە پێی بۆچوونی یاساناسان کە زیاتر بۆچوونی یاساناسانی فەڕەنسییە، فەڕەنساش بە سەرچاوەی دەرکەوتنو دامەزراندنی ئەم دەستانە دادەنرێتو لە ڕووی شوێنییەوە وای بۆ دەچن کە دەستە سەربەخۆکان دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی چوارەم وەك دەستەڵاتێکی سەربەخۆو جیا لە دەسەڵاتەکانی (یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەری)، بۆیە ئەم دەستانە بە دەسەڵاتێکی نوێ دادەنرێنو بیرۆکەی دەسەڵاتی چوارەمیش دووپاتی ئەم ڕاستییە دەکاتەوە **(سمير، حدري، 2006، ص27)**. وە لە ڕێکخستنی دەستوری دەوڵەتە یاساییەکاندا ئاماژە بەم دەستانە کراوە بەجۆرێك، کە زۆرێك لە دەستورەکان وشەی سەربەخۆ بۆ ئەم دەستانە بەکاردەهێنن، بۆ نوونە لە ڕێکخستنی دەستوری عێراقدا پێیان دەوترێت دەستە سەربەخۆکان، لە فەڕنسا دەسەڵاتە سەربەخۆکانو لە بەریتانیاش پێیان دەوتریت دەستە نیمچە سەربەخۆکان، ئەمەش مەبەستی سەربەخۆیی ئەو دەستانەیە کە وەك دەستە یان دەسەڵاتی نوێو جیاواز لە سێ دەسەڵاتە گشتییەکە پێکهێنراون، لە کاتێکدا

که یاساناسان وەڵامی ئەم ناوەیان که له دەستوردا هاتووه وا داوەتەوه که خۆیان سەربەخۆن له دەسەڵاتەکانی دیکه پاڵپشت بەو ناوەی که دارێژراوەتەوه له رێکخستنی دەستوردا بۆ ئەم جۆرانەو دانانو ئەژمارکردنو ناونانیان تێکەڵییەك دروست دەکات لەگەڵ جۆره نوێیەکانی دیکەدا که هەر یەکێکیان تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە به پێی پلەبەندیان له گەڵ جۆرەکانی دیکەی پێش خۆیاندا، که نابێت له رووی لۆژیکییەوه ئەم دەسەڵاته سەربەخۆیانه پلەبەند بکرێن له ریزی دەسەڵاته ئاسایەکانی دەولەتدا تەنها لەبەر ئەوەی شەرعیەتی ناوی دەسەڵاتیان پێوەیە، هەروەها دارشتنەوەی دەسەڵات پێویستی به دەرکردنی زیاتر له دەقێکی یاسایی ئاسایی‌و تەنانەت دەقی دەستوریش هەیە **(أرحيم، هشام جميل كمال، 2012، ص ص31-32)**.

به بۆچوونی ئێمه دەسته سەربەخۆکان ئەبێت خاوەنی گرەنتیەکی تەواو بن له رووی سیاسی‌و یاساییەوەو سەربەخۆیی خۆیانیان هەبێت بەرامبەر به دەسەڵاتەکانی دیکەو ئامانج له دەسەڵاتەکانیان ئەوه بێت که تایبەتمەندی خۆیانیان هەبێت له هەستان‌و ئەنجامدانی کاره تایبەتەکانیان، هەریەك لەو دەستانه به پێی تایبەتمەندی خۆیان‌و جیاواز له دەستتێوەردانی حکومەت‌و لایەنه سیاسیەکان کار بکەن.

له هەمان کاتدا هەندێ له زانایان وا دادەنێن ئەم دەستانه کاتێك دەکەونه چوارچێوەی دەقه دەستووریەکان به دەسەڵاتێکی گشتی‌و سەربەخۆ دادەنێن‌و بۆ پشتگیری بۆچوونەکانیان پشت دەبەستن به چەند دەقێکی دەستووری، بۆ نموونه کاتێك دانەرانی دەستور لەرێکخستنی دەستوری عێراقدا باس له دەسەڵاته گشتییەکان دەکات له بابی سێیەم له ژێر ناونیشانی (دەستەڵاته فیدراڵییکان) کاتێ نوسیویەتی: "دەستەڵاتی فیدراڵی له دەسەڵاتی یاسادانان‌و جێبەجێکردن‌و دادوری پێکدێت، ئەرکەکانی خۆی له سەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پیاده دەکات" **(دەستوری کۆماری عێراق 2005، ماددەی 47)**. وه باسی هەریەکێك لەم دەستەڵاتانه دەکات له بەشێکی سەربەخۆ، له هەمان بابدا لەبەشی چوارەم باس له دەسته سەربەخۆکان دەکات له ژێر ناونیشانی (دەسته سەربەخۆکان). لێرەدا دەستوردانەری عێراقی شێوازێکی نوێی پیاده کردووه بۆ ناساندنی سروشتی دەسته سەربەخۆکان، له رێگەی جیاکردنەوەیان له دەسەڵاته گشتییەکانی دیکه، راسته وەك دەسەڵاته گشتییەکانی دیکه درێژەی به ئەرك‌و دەسەڵاتەکانیان نەدراوەو هۆکاری ئەوەش دەگەرێتەوه بۆ سەرەتای دەرکەوتنی ئەو دەستانه له دەستووری هەمیشەیی عێراق له رووی تیۆریەوه له هەمان کاتدا بەگشتی دەتوانین بڵێین ئەزموونێکی تەواو دەولەمەندمان نەبووه بەر لەساڵی 2005 له عێراقدا، تەنانەت ئەزموونی دەسته سەربەخۆکان له وولاتانی جیهانیشدا ئەزموونێکی نوێیه **(حاتم، فارس عبدالرحيم، 2013، ص118)**. له سەر ئەم بنەمایانەی پێشەوه که ئاماژەمان پێدا وەك دەسەڵاتی چوارەم ئەژمار بکرێت له پاڵ هەرسێ دەسەڵاتەکەی دیکەدا له ژێر ناوی بنەمای جیاکاری نێوان دەسەڵاتەکان، چونکه ئەو سەربەخۆییەی ئەم دەستانه هەیانه نابێت ئەوه بگەیەنێت له پرۆژەی دەستوردا ئەمانیش وەك سێ دەسەڵاته کلاسیکییەکه یان دەسەڵاتی چوارەمن‌و دروست کراون بەڵکو مەبەست له سەربەخۆیی ئەم دەستانه ئەوەیه که گرەنتی سەربەخۆکردنیان هەبێت له جێبەجێکردنی کارەکانیانداو بێلایەنی بپارێزن بەبێ هیچ جۆره کاریگەریەك له لایەن دەسەڵاته گشتییەکانەوه **(طالب، مصدق عادل، 2018، ص159)**.

لێرەوه بۆمان دەردەکەوێت که دەسته سەربەخۆکان له رێکخستنی دەستوری دەولەته یاساییەکانداو له رووی سروشتی یاساییەوه وەك دەسەڵاتی چوارەمن، هەرچەنده له عێراقدا ئەگەر دانەرانی دەستوری بەرکار مەبەستیان بوایه دەکرا به دەسەڵاتی چوارەم بیانناساندایه، بەڵام به دەستەی سەربەخۆ ناوزەندییان کردووه. بەتەواوەتی پشتگیری ئەم بۆچوونه دەکەم که دەسته سەربەخۆکان وەك دەسەڵاتی چوارەمن، لەبەر ئەوەی له رێکخستنی دەستوری عێراقدا راسته به ووردەکاری ئاماژه به دەسەڵات‌و ئەرك‌و فەرمانیان نەدراوه جێی هێشتووه بۆ یاسا، بەڵام ئەمه لەوه کەم ناکاتەوه که دەسەڵاتی سەربەخۆن له پاڵ سێ دەسەڵاتەکەی دیکه. بۆ نموونه ئەنجومەنی فیدراڵی له ژووری دووەمی پەرلەمانەو بەشێکی گرنگی دەسەڵاتی یاسادانانه، ئەویش باسی له ووردەکاری نەکردووەو جێی هێشتووه بۆ یاسا، ناشکرێت بڵێی ژووری دووەم له پەرلەمان لەبەر ئەوەی ئاماژه به ووردەکاری دروست بوون‌و دەسەڵاتەکانی نەداوه دەسەڵات نییه. بەڵکو له بەر هەندێك رەچاوکردن جێی هێشتوون بۆ یاسا، یەکێك لەو رەچاوکردنانه ئەوەیه که ئەم ژوورەش تازەیه چونکه عێراق یەکەم جار بوو دەبێت به فیدراڵی، دیاره دەسته سەربەخۆکانیش تازه بوون بۆیه جێهێڵراوه بۆ یاسا. بەڵام سەبارەت به سروشتی یاسایی ئەم دەستانه به رەهایی له گەڵ هیچ یەکێك لەو دوو بۆچوونه نیم که باس له دەسته سەربەخۆکان وەك دەسەڵاتێکی (کارگێڕی‌و خاوەن سروشتێکی دادوەری یان نیمچه دادوەری) دەکات کەپێشتر باسمان کرد، هەرچەنده بەشێك لەدروستییان تێدا بەدی دەکرێت.

## لقی دووەم: هۆکارەکانی پێکهێنانی دەسته سەربەخۆکان:

چەندین هۆکاری یاسایی‌و سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و کارگێری هەن لەدەولەته یاسایی‌و دەستوریەکاندا، که گرنتیەکی بەهێزن بۆ پێکهێنانی دەسته سەربەخۆکان. هەرچەنده سەرهەڵدانی ئەم دەستانه له دەولەتێکەوه بۆ دەولەتێکی دیکه جیاوازن، بەهۆی جۆراو جۆری سیستەمی سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و کارگێری ئەم دەولەتانه. هەروەها رێکخراوه کارگێریەکان رووبەرووی کۆسپی زۆر بوونەتەوه، که کاریگەریان کردووەته سەر رێژەی کارەکانی‌و چالاکیه کارگێریەکانی، بەشێوەیەك که بووەنەته پێویستیەك بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەی چارەسەرکردنی سیستەمی کارگێری، لێرەدا چەند بەربەست‌و هۆکارێك ئاماژه پێ دەکەین له سەرهەڵدان‌و پێکهێنانی دەسته سەربەخۆکاندا، له گرنگترین ئەو هۆکارانه:

### یەکەم: لایەنگیری کردنی دەسەڵاته گشتیەکان:

لاواز بوونی متمانەی هاوڵاتیان به هەندێك له دەسەڵاته گشتیەکان، یەکێکه له هۆکاره سەرەکیەکانی سەرهەڵدانی دەسته سەربەخۆکان. بۆیه دەبێت دەسەڵاته کلاسیکیەکان گرەنتیەکی تەواویان هەبێت له جێبەجێکردنی کاروچالاکیەکانیاندا بەشێوەیەکی سەربەخۆو بێ لایانانه.

بۆ ئەم مەبەستەش دەسته سەربەخۆکان سەریان هەڵدا وەك هەوڵدانێك بۆ گەرەنتی فەراهەم بوونی بێ لایەنی دەسەڵاته گشتییەکان‌و گرەنتی بێ لایەنی کاری دەزگاکانی رێکخستن‌و بێ لایەنی بەرێوەبردنی هەندێك له دامەزراوەی تایبەت که دەولەت پێی هەڵدەستێت له رێگەی دەسته سەربەخۆکانەوه بۆ دەستەبەرکردنی بێ لایەنی له کارەکانیداو دوور خستنەویان له فشاری سیاسی که له لایەن دەسەڵاتەکانی دیکەی دەولەتەوه بەکاردێن **(القيسي، حنان محمد، 2014، ص3)**. ئەمەش بەهۆی ململانێ بەردەوامەکانی نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادان‌و جێبەجێکردن له پێناوی دەست بەسەراگرتن‌و هەوڵی کارکردن لەو چوارچێوەیەداو سود وەرگرتن له بوونی‌و بریارەکانی له سەر بنەمای دەسەڵاته جیاوازەکانی دیکه، ئەمەش پاڵنەرێك بوو بۆ دەستوری عێراق لەسەر دەقی سەربەخۆبوونی ئەم دەستانه که بتوانن پارێزگاری له بێ لایەنی‌و

ڕاستگۆیی خۆیان بکەن بە ئامانجی هەستان لە ڕێگەی ئەم دەستانەوە بەکارەکانیان‌و دوورخستنەوەیان لە گۆڕانکارییە سیاسیەکان کە توشی کۆمەڵگا دیموکراسیەکان دەبێت بە تێپەڕبوونی کات، هەر ئەمەش پاڵنەرێك بووە لە دەوڵەتانی جیهان لە پێکهێنانی ئەم دەستە سەربەخۆیانە **(رشید، صدام عبدالستار، 2016، ص252)**. هەروەها ئەم دەستانە سەریان هەڵدا تاوەکو ڕێکارییە دادوەرییەکان بە شێوەیەکی بێ لایەنانەو دوور لە دەستێوەردان کارەکانیان ڕاپەڕێنن، واتە بۆ دوورکەوتنەوە لە بەدواخستنی دەرەنجامی ویستراوی هاوڵاتیان لە بە دەست گەیشتنیان بە مافەکانیان بە هۆی وابەستەیی بە ڕۆتین‌و ڕێکارییە دادوەرییەکان کە لە حاڵەتی ئاساییدا بە خاو هەنگاونان ناسراوەو دەرەنجام دەبێتە هۆکارێك بۆ بە دواداچوونی مافەکان لە لایەن هاوڵاتیانەوە، بۆیە بوونی ئەم دەستانە کاریگەری دەبێت لە سەریان **(حسن، سۆران علی، (2021)، ل287)**. وە بێ لایەنی لە کارەکانی ئەم دەستانەدا مەرجێکی پێویستە بۆ دەستەبەرکردنی ئارامی‌و سەرکەوتنی کارو چالاکیەکانیان چونکە سەربەخۆیان دووریان دەخاتەوە لە کاریگەری گۆڕانکاریە سیاسیەکان کە توشی کاری سیاسی دەوڵەت دەبێت‌و پارێزگاری دەکات لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی بۆچوونە حیزبیەکان **(أرحیم، هشام جمیل کمال، (2012، ص18)**

بەمەش ڕوون دەبێتەوە کە سەرهەڵدانی دەستە سەربەخۆکان گرەنتییەکی بەهێزن بۆ ڕێگریکردن لە لایەنگیریکردنی دەسەڵاتە گشتییەکان بۆ هەر کارێکی یاسایی‌و سیاسی و دەستوری، چونکە زۆرجار ڕێگا لە حکومەت دەگرێت کە لابدات بە لای قازانجە تایبەتەکانیدا.

## دووەم: گەرەنتی پیادەکردنی بنەمای ڕەوایەتی:

ئەم بنەمایە خۆی دەبینێتەوە لە پارێزگاریکردنی تەواوی تاکەکان بەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن‌و ئەبێتە دژ بە هەموو یاسا شکێنی‌و ستەمکاریەك، هەر لێرەوە گرنگی‌و کاریگەری ئەم بنەمایە دەردەکەوێت‌و ڕەنگدانەوەو گەشەکردوو دەبێت.

کەواتە بنەمای ڕەوایەتی گەرەنتییەکی باشە بۆ هەندێك لە تایبەتکارییە هەستیارەکان کە پێویستیان بە جۆرێك لە چاودێری تایبەت هەیە تاوەکو گەرەنتییەکی دروستی گەیشتن بە ئامانجی ویستراوی لێ بکەوێتەوە. جگە لەوەی کە پسپۆڕی‌و تایبەتمەندکردنی دەزگایەك بە پیادەکردنی جۆرێك لە تایبەتکاری وەك بوارێکی چاودێری کردن دەرەنجامێکی کاریگەرتری لێ دەکەوێتەوە لەوەی کە ڕاسپێردرابێت بە دەزگایەك کە تەرخان کراو نەبێت بۆ ئەو مەبەستە **(حسن، سۆران علی، 2021، ل287)** .

بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم بنەمایە کاریگەری گەورەی هەیە لە سەر سەرهەڵدانی دەستە سەربەخۆکان چونکە هۆکارێکی پارێزەرن بۆ جێبەجێکردنی، ئەمەش لە کاتی دەست تێوەردانی دەستە سەربەخۆکان دەبێت لە کاتی چارەسەر کردنی سەرهەڵدانی کێشەیەك لە نێوان تاکەکان‌و کارگێڕیەکاندا یان لە کاتی لادانی کارگێڕیەکان لە بنەمای یاسایی خۆیان لە دەرکردن یاخود دەست تێوەردانی بڕیارێکدا کە دژ بێت بەم بنەمایانە، بۆ نموونە لە عێراقدا کاتێك دەستەی دەستپاکی دروست بوو بۆ پێداچوونەوەی سکاڵاکان، جا ئەمە لە ڕێگای تاکەکانەوە بێت یان لە ڕێگای دامەزراوەکانەوە لەکاتی لادانە کارگێڕیەکان لە بنەما یاسایەکان.

## سێیەم: نەهێشتنی بیرۆکراسی:

چەمکی زمانەوانی ووشەی بیرۆکراسی Bureaucracy لە دوو ووشە پێکهاتووە، bureauبەواتای نوسینگە، لەگەڵ cracy بەواتای حوکم، هێز یان دەسەڵات، بەمەش مانا زمانەوانیەکەی بیرۆکراسی بەواتای (هێزی نوسینگە یان دەسەڵاتی نوسینگە) دێت **(دهام، عبدالستار ابراهیم، 2008، ص5)**. کەواتە بیرۆکراسی پلەبەندیەکی درێژخایەنە لە بەرپرسیاریەتی‌و زنجیرەیەکی کارگێڕی کە ئەژمارکردنیان لە قازانجی لایەنێك یان کەسێکدایەو وابەستەبوونی بە یەك سەرۆکەوە کە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دەستێوەردانی فەرمانبەران لە فەرمانگەکەیاندا بە شێوەیەك کە گەندەڵی سەرهەڵدەدات لە جیاتی ڕێڕەوی خزمەتکردنی قازانجی گشتی. هەروەها جێبەجێکردنی یاساکان بە توندی، لە ڕێگەی نوسینگە کارگێڕیەکانەوە بۆ جێبەجێکردنی کاروبارەکانی حکومەت‌و بەڕێوەبرنی بەرژەوەندییەکانی ل ەسەر بنەمای پلەبەندی سەرۆکایەتی‌و تایبەتمەندیەکانە بۆ دابەشکردنی کارەکانیان لە ناو دەزگا کارگێڕیەکاندا بە پێی جێبەجێکردنی یاساکان بووەنەتە بەڵایەك بەسەر یەکە کارگێڕیەکانەوەو بووەتە مایەی سەرهەڵدانی شێوەیەك لە گێچەڵی کارگێڕی کە لایەنە کارگێڕیەکان بە توندی وابەستەی بنەماکانی کارکردنن کە بووەتە مایەی ڕۆتیناتێکی بکوژ، بە هۆی چەند هۆکارێکەوە کە هەندێکیان پەیوەندیان بە فەرمانبەرانەوە هەیەو ترسیان هەیە بەرامبەر بەرپرسیاریەتی، هەندێکی دیکەشیان پەیوەندیان بەشێوازی دابەشکردنی بەشە کارگێڕیەکانەوە هەیە بەشێوەیەکی وشك‌و توند **(کیکو، قیصر صاحب، 2019-2020، ص58)**.

## چوارەم: کۆتایی هاتنی ململانێی ناوخۆیی‌و دروستبوونی دەوڵەتی نوێ:

لێرەدا هۆکاری دروست بوونی ئەم دەستانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کاتێك ئەو دەوڵەتانە کۆتاییان هێنابێت بەناکۆکی چەکداری‌و ململانێی ناوخۆیی، کە ئەمانیش ناسراون بەدەوڵەتانی پاش ناکۆکی، کە بریتین لەو دەوڵەت‌و کۆمەڵگایانەی کە بەناکۆکیەکی سەختی ناوخۆییدا تێپەڕبوون‌و کۆتاییان هێناوە بەو ناکۆکیانە، ئەویش لەڕێگای سەرکەوتنی لایەنێکی ململانیەکە بێت یان سەرکەوتنی دانوستان‌و بەرپابوونی ئاشتی لەدەرەنجامی ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنەوە. دەکرێت بۆ ناساندنیان چەند ڕەگەزێکی هاوبەشیان لێ پێکبهێنرێت لەبوونی ناکۆکی ناوخۆیی، بوونی چەند لایەنێکی بەشدار لەناکۆکی، بوونی دانستان‌و کۆتاپهێنان بە ناکۆکی لەڕێگای هەوڵی ناوخۆیی‌و دەرەکی لەڕێگای ڕێکەوتنی ئاشتی، جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی ئاشتی لەلایەن لایەنە ناکۆکەکان. بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لەکاریگەربوونی لێکەوتەی ناکۆکییەکان بەسەر هەندێك تایبەتکاری هەستیاردا وەك هەڵبژاردن‌و پاراستنی مافی مرۆڤ‌و کەمینەکان پەنایان بۆ پێکهێنانی ئەم جۆرە دەستانە بردووە. هەربۆیە هەندێك پێیان وایە ئەمە بووەتە جۆرێك لە مۆدێلی پەیڕەوکراو لەدەستوری دەوڵەتانی تازە دەرچوو لە جەنگ‌و ناکۆکی ململانێی ناوخۆیی **(حسن، سۆران علی، 2021، ل285)**. بەمەش گەڕانەوەی متمانەی هاوڵاتیان بەدەوڵەت‌و سیاسەتە گشتییەکانی پاڵنەرێك بوون بۆ سەرهەڵدانی دەستە سەربەخۆکان‌و نیمچە سەربەخۆکان لە ڕێگەی بەهێزکردنی کاری دەوڵەتەوە، کە پێویستی بەدانانی ئەم سیاسەتە هەبوو بۆ جێبەجێکردنیان، بەتایبەتی لەو دەوڵەتە نوێیانەی کە پاش ناکۆکی دروست بوون **(رشید، صدام عبدالستار، 2016، ص252)**.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەیەکێك لەگرەنتییەکانی دوستبوونیان، نەمانی ناکۆکی ناوخۆیی وڵات‌و دروستبوونی دەوڵەتی نوێ‌و سیستەمی سیاسی نوێی حکومڕانییە لەوڵاتدا، هەروەکو لەعێراقدا لەپاش ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس چەند دەستەیکی سەربەخۆ دامەزران بەپێی دەستوری ڕاگوزەری عێراق لەساڵی 2004و دەستوری هەمیشەیی عێراق لەساڵی 2005دا.

### پێنجەم: سستی دەزگا کارگێڕییەکان بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵی:

گەندڵی بریتیی لە: "خراپ بەکارهێنانی پۆستی گشتی لەپێناو ئامانجی کەسیو تایبەتیدا. وە هەر هەڵسوکەوتێك لە دەرەوەی چوارچێوەی بەها کۆمەڵایەتیو یاسایيو مرۆيیو بەرپرسیاریەتیو ویژدانیدا ئەنجام بدرێتو مەبەست لێی تەنها بەرژەوەندی خودی بێت، ئەوا دەچێتە قاڵبی گەندەڵییەوە " **(عەباس، گەیلان و ڕەفیق، هاوکار، 2017، ل272).** کەواتە سەرهەڵدانی ئەم دەستانە گرەنتیەکی بەهێزن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، لەکاتێکدا دەسلاتو هۆکارە کارگێڕیو داراییەکانی دیکە نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی باش بەم کارە هەستنو بەشێوەیەکی نەرێنی شکاوەتەوە بەسەر ئابووری وولاتداو تواناکانی لاوازکردووە، بۆیە زۆرێك لە ولاتان هەستاون بە دروستکردنی ئەم دەستانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیو چاودێریکردنیو چارەسەرکردنی بەشێوەیەکی دروست. کەواتە سەربەخۆيی دەزگا سەربەخۆکان ئەبێتە مایەی بەهێزکردنی تواناکانیانو جێبەجێکردنی کارەکانیان، چونکە دەستور سەربەخۆییەکی گەورەی بەخشیوە بەم دەستە سەربەخۆیانەلە کاتی جێبەجێکردنی کارەکانیاندا، تاوەکو بتوانن ئەو کارانە جێبەجێ بکەن کە لە سەرووی دەسەلاتی جێبەجێکردنەوەیە چونکە دانانی دەزگاکانی ڕێکخستنو سەربەخۆيی پێویستیان بەیەکسانيو دادوەری بێلایەنی هەیە، کە ئەمانەش پێویستە وەك بنەمایەك ڕێزیان لێ بگیرێتو جێبەجێ بکرێن لەلایەن ئەم دەزگایانەوە لە ڕێگەی کارەکانی خۆیان بێت یان لە ڕێی چاودێری کردنی دەسەلاتی جێبەجێکردنەوە لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا، کە گرنگترینیان بواری داراييو بنبڕکردنی گەندەڵی کارگێڕییە **(أرحيم، هشام جميل كمال، 2012، ص18).** هەرچەندە ئەم دەستانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لەوولاتانی جیهاندا هەمەجۆرو جیاوازن لەڕووی یاسايیو سیاسیو دەسەلاتەکانیانەوە، بەڵام کۆمەڵێك بنەمای گشتی هەن کەهاوبەشن لەنێوان ئەم دەستانەدا، وەکو سەربەخۆيیو دەسەلاتەکانی دەستەو فەراهەمکردنی توانای داراييو مرۆيی پێویست بۆ کارەکانی ئەم دەستانە. بۆیە لەگەڵ سەربەخۆبوونی ئەم دەستانەدا فەراهەمکردنی توانای داراييو مرۆيی بۆیان گرەنتیەکی سەرەکین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لەبەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کەبۆی دامەزراوە. هەربۆیە پێویستە ئەم دەستانە بودجەیەکی تایبەت بەخۆیان هەبێت، بەبێ دەست تێوەردانی دەسەلاتە گشتیەکانی وولات بەتایبەتی دەسەلاَتی جێبەجێکردن، کە هەوڵ دەدات لەم بودجەیە کەم بکاتەوە تاوەکو تواناکانی ئەم دەستانە کەم بکاتەوە. وە توانای مرۆيی ئەم دەستانە هۆکارێکی گرنگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، کە ئەمەش پێویستی بەهەڵبژاردنی کادیری بەتواناو ڕاهێندراو هەیە کە بەم کارە هەستێتو ئەم پیشەیە بێلایەنانەو بە ئەموونێکی بەرهەم دارەوە جێبەجێ بکات، ئەمەش لە ڕێگای کردنەوەی دەوراتو کاری بەردەوامەوە بەدەست دێت **(حمد، مەریوان صابر، 16مارس2013).**

بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کەبوونی گەندەڵی لە دەوڵەتاندا هۆکارێکی دیکەیە بۆ سەرهەڵدانی دەستە سەربەخۆکان، چونکە هەندێك لە دەسەلاتەکانو دامەزراوەکانی دیکە هەوڵ دەدەن لە سروشتی ئاسايی خۆیان دەرچنو سەربکێشن بۆ گەندەڵیو کاری نایاسايی. هەربۆیە ئەم دەستانە سەریان هەڵدا وەكو فشارێكو دژە فشارێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گەندەڵکاریانە، تاوەکو ببنە چاودێرێك بۆیان. هەروەکو لەعێراقدا چەندین دەستەی سەربەخۆ سەریان هەڵداوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی وەك دەستەی دەستپاکیو دیوانی چاودێری دارايی.

### شەشەم/ پارێزگاری کردن لە مافەکانی مرۆڤ:

دیارترین هۆکار بۆ سەرهەڵدانی دەستە سەربەخۆکان پارێزگاریکردن بووە لە مافەکانی مرۆڤ لە بە دەمەوچوونی کۆنگرە نێودەولەتیەکاندا. هەروەکو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پرۆژەی پارێزگاری کردنی لە مافەکانی مرۆڤو ئازادیەکانی کردووەتە ئەرکی خۆی لە کاتی پێشێلکردن یان پشتگوێ خستنی ئەو مافانەو بەرەنگاربوونەوەیان بەشێوەیەکی هەرەمەکی کە ئەمەش سەری هەڵدا بۆ بیرکردنەوە لە پابەندبوونێکی گشتی لە جیهاندا کە تاکەکان ئازاد بن لە گوفتارو لە بیروباوەڕەکاندا. هەروەها دان بنرێت بە هەموو مافە یەکسانەکانیان کە ئەمەش ڕاگەیەندرا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە ناوی ڕاگەیاندنی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ کە لە ساڵی 1948 دەرچوو **(الأمم المتحدة، 2012، ص4).** لە دەرهاویشتەکانی ئەم ڕاگەیاندنە بانگکردنی هەموو وولاتانی جیهان بوو بۆ ڕێزگرتن لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانیو کارکردنی زۆرێك لە ولاتان بۆ دروستکردنی دەستەو دەزگا سەربەخۆکان، هەروەك یاسا دارێژەرە عێراقیەکان هەستان بە دانانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ، ئەم کۆمسیۆنەش ئامانجی بریتی بوو لە: " پارێزگاریکرد لە مافەکانی مرۆڤ لە عێراقداو پارێزگاریکردن لە ئازادیەکان بەو دەقانەی کە لە دەستوردا دیارکراوانو لە یاساو بەڵێننامەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیەکاندا دانیان پێدا نراوە لەل ایەن عێراقەوە. وە ئامانجی بەهێزکردنی ڕۆشنبیری مافەکانی مرۆڤو گەشەپێدانو بەرەوپێش بردنیەتی" **(قانون مفوضية العليا للحقوق الانسان، رقم53، 2008، المادة3).** هەروەها ئەم دەستانە وەکو وەڵام دانەوەیەك دروست بوو بۆ دۆخی ناسەقامگیرو ناجێگیر لەوڵاتانداو لە بوارێکی دیاریکراودا، وەك ڕەوشی مافی مرۆڤو تەشەنەکردنی دەستدرێژی کردنە سەر مافو ئازادییە گشتییەکان یاخود وەك پەیوست بوون بە پاندییەکی نێودەوڵەتی کەلە میانەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا وابەستەی بووە، وەکو ڕاگەیاندنی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان، پێکهێنانی دەستەی مافی مرۆڤ لە عێراقو چەندین دەوڵەتی یاسايی دیکە **(حسن، سۆران علی، 2021، ل286).**

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ هۆکارێك بوو بۆ سەرهەڵدانی دەستە سەربەخۆکان، تاوەکو ئەم دەستانە بتوانن کاریگەریان هەبێت لەسەر پارێزگاریکردن لە مافەکانی مرۆڤ، تاوەکو لەلایەن دەسەلاتو دامەزراوەکانی دیکەوە دەست درێژی نەکرێتە سەر مافیان.

لەم توێژینەوەیەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، پاڵپشت بەو هۆکارانەی کەلە پێشەوە باسمان کرد دەتوانین ئاماژە بکەین بەوەی کە دەستە سەربەخۆکان هۆکارێکی گرنگن بۆ چاودێری لەسەر دەسەلاتەکانی جێبەجێکردن، ئەمیش بەو شێوەیەی کە دەسەلاتی جێبەجێکردن بەکارەکانی خۆی هەستێت بەشێوەیەکی دروست، بەبێ ئەوەی لابدات لەو ڕێڕەوەی کەبۆی دیاریکراوە بۆ دەستەبەرکردنی بنەمایەکی گرنگ بۆ تاکەکانو پارێزگاریکردنیان لەدەست بەسەراگرتنی دەسەلاتی جێبەجێکردن لەڕێگەی چاودێرییەوە دەبێت، کە نەتوانێت سوکایەتی بە داخوازییەکانی گەل بکاتو جێبەجێیان نەکات. وە ئەو بێلایەنیەی کە ئەم دەستە سەربەخۆیانە بەدەستی دێنن پارێزەرێکی دیارو تەواو دەبن بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەڕووی شەفافیەتەوە. هەروەها هۆکارەکانی هونەریو تەکەنەلۆژیاو بوونی گەندەڵی سیاسیو ناکۆیەکانی دەوڵەتو دروست بوونی دەوڵەتی نوێو ...هتد گرەنتیەکی بەهێزن بۆ پێکهێنانی دەسەتە سەربەخۆکان لە دەوڵەتە یاساييو دەستوریەکاندا.

## کۆتایی

پاش گەیشتنمان بەکۆتایی توێژینەوەکە، گرنگترین دەرئەنجامەکان لەچەند خاڵێکدا کورت دەکەینەوەو ئاماژەی پێدەدەین، لەگەڵ خستنەڕووی پێشنیارەکان کەهەڵێنجراوی ڕاوبۆچوونمانە لەچوارچێوەی توێژینەوەکەماندا:

**یەکەم: دەرئەنجام:**

لە کۆتاییدا دەرئەنجامی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت دەکەینەوەو دەیخەینە ڕوو:

1- دەستە سەربەخۆکان لە ڕووی دەستوریو یاساییەوە خاوەنی جۆرێك لە سەربەخۆیی خۆیانن، وەکو سەربەخۆیی کارگێڕیو دارایی‌و ئەندامی.

2- سەربەخۆیی کارگێڕی واتە دەسەڵاتی تایبەتی خۆیانیان هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان. سەربەخۆیی داراییش واتە دەستەکان خاوەنی دارایی‌و بودجەی سەربەخۆی خۆیان بن. بەڵام سەربەخۆیی ئەندامی بریتییە لەسەربەخۆبوونی ئەندامانی دەستەکە بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان‌و ملکەچ نەبوونیان بۆ دەسەڵاتەکانی دیکە، تاوەکو دەستێوەردان نەکرێت لە کاروبارییاندا.

3- سەربەخۆیی ئەم دەستانە لە ڕووی کارگێڕیو داراییەوە، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم بابەتە بقۆزرێتەوە بۆ گەشەسەندنی گەندەڵی‌و بەفیڕۆدانی سامانی گشتی‌و دژایەتیکردنی هەرجۆرە بنەمایەکی یاسایی کەسەربەخۆیی ئەم دەستانە سنوردار بکات، ئەمەش پێچەوانەی ئامانجەکانی ئەم دەستانەو بونیادنانەوەی دەوڵەتی یاسایە.

4- ئاستی سەربەخۆیی دەستەکان پێویستە لەپێگەیەکی هاوسەنگدا ڕابگیرێت بەجۆرێك لەدەرەوەی قەوارەی دامەزراوەکانی پێکهێنەری دەوڵەتدا بێت‌و پاشکۆیەتی بۆ هیچ یەکێك لەدەسەڵاتە کلاسیکیەکانیشی بۆ ساغ نەبێتەوە.

5- ئەم دەستانە هەندێکیان دەستەی سەربەخۆی کاتین‌و لەدوای تەواوبوونی کاتەکانیان، ئەمنیش کۆتاییان دێت، بەڵام هەندێکی دیکەیان دەستەی سەربەخۆی هەمیشەیین .

6- گەرەنتی بوونی ئەم دەستانە بەستراوەتەوە بەئاستی سەربەخۆییان‌و ئاستی سەربەخۆییان بەستراوەتەوە بەو میکانیزمەی بەردەستیان بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان، سەرەڕای پابەندبوونی دەسەڵاتەکانی دیکە بەدەقە دەستوریەکان‌و دەستوەرنەدان لەکاروباریان لەدەرەوەی ڕێکخستنی دەستوریو یاسایی.

7- پێکهێنانی ئەم دەستانە بەپێی جیاوازی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و پێکهاتەو جۆری سیستەمی فەرمانڕەوایی لە دەوڵەتدا دەگۆڕێت، لەبەر ئەوە دەکرێت فەلسەفەی بوونیان‌و ئاستی سەربەخۆیی‌و سروشتی یاساییان لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە جیاوازبێت، لەهەمان کاتدا لە دەوڵەتە دیکتاتۆو تۆتالیتارییەکاندا دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ هەیە لەم دەستانەدا.

**دووەم: پێشنیارەکان:**

لەپاش ئاماژەکردنمان بەو دەرئەنجامانەی خستمانەڕوو، چەند ڕاسپاردەیەکیش دەخەینەڕوو:

1- پێویستە دەستور هەموار بکرێتەوەو لە دەستوردا بە ووردەکارییەوە باس لە سەربەخۆیی ئەم دەستانەو گرەنتی سەربەخۆییان‌و شێوازی پێکهاتن‌و دەسەڵاتیان بکات‌و بەجێی نەهێڵێ بۆ یاسای دەستە سەربەخۆکان.

2- لە ڕێکخستنی یاسایی دەستە سەربەخۆکاندا، نابێت ئەو یاسایانەی بۆ ئەو دەستانە دادەنرێت لەلایەن یاساناسانەوە، پێچەوانە بێت لەگەڵ ڕێکخستنی دەستوریی تایبەت بە دەستە سەربەخۆکانەوە.

3- پێویستە دەستەکان تەواو سەربەخۆ بن، نەوەك تەنها بەناوی دەستەی سەربەخۆوە دابمەزرێن‌و لەڕووی واقعی‌و کردارییەوە جیاواز بن، واتە نابێت لەڕووی سیاسییەوە دەست بخرێتە کاروباریانەوەو لەلایەن پارت‌و پێکهاتەو لایەنەکانی دیکەوە سەرۆك‌و ئەندامانی دەستەکان دابنرێن.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان**

- **کتێبەکان:**


برادۆست، کەریم بەحری. (2006)، چەند وێستگەیەك لە نوسینەوەی دەستوری فیدراڵی بۆ عێراق، هەولێر، کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب، بڵاوکراوەکانی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان.

حسن، سۆران علی. (2021)، دامەزراوە دەستورییەکان بۆ گەرەنتی مافی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدراڵدا عێراق بە نموونە، سۆران، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدێ خانی.

عەباس، گەیلان و ڕەفیق، هاوکار. (2017)، فەرهەنگی زانستی‌و ڕامیاری، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی ئاسیا، ل ل141-142.


- **دەستورەکان:**


١- دەستوری عێراقی فیدراڵ 2005.


- **یاساکان:**


١- هەرێمی کوردستان- عێراق، یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی، ژمارە (3)ی ساڵی 2011، بڵاوکراوەتەوە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە (129)، (2011/6/30).

٢- هەرێمی کوردستان- عێراق، یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، ژمارە (4) ی ساڵی 2010، بڵاوکراوەتەوە لە گۆڤاری مرۆڤ، هەولێر، ژمارە (0)، (تشرینی دووەم 2013).


**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:**

- **کتێبەکان:**


جمعة، ماهر حسين. (2019)، الاستقلال المالي ودوره في فعالية الهيئة المستقلة للانتخابات في التشريعين الأردني والعراقي، بغداد، مكتبة القانون المقارن.

راضي، مازن ليلو. (2001)، القانون الأداري، أربيل، منظمة نشر الثقافة القانونية مؤسسة O.P.L.C للطباعة والنشر المطبعة رۆژهەلات.

صرصار، محمد شفيق. (مارس2014)، الهيئات الدستورية لمستقلة، تونس، بحث منشور في جمعية البحوث والجمعية التونسية، للعلوم الادارية أعمال الملتقى العلمي حول الهيئات الدستورية بمساهمة المنظمةالدولية للطقرير عن الديمقراطية.

نعيم، علي عبدالعباس. (2016)، الدور الرقابي لهيئة الرقابة المالية المستقلة، بغداد، مكتب الهاشمي للكتاب الجامعي.

- **رسالة ماجستير والبحوث:**

أرحيم، هشام جميل كمال. (2012)، "الهيئات المستقلة وعلاقتها بالسلطة التشريعية في العراق (دراسة مقارنة)"، أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة تكريت، كلية القانون، صلاح الدين.

أمير، عبو سعدي. (2018-2019)، "السلطات الادارية المستقلة في القطاع المالي بالجزائر"، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة عبدالحميد بن باديس مستغانم، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم العلوم السياسية.

سمير، حدري. (2006)، "السلطات الادارية المستقلة الفاصلة في المواد الاقتصادية والمالية"، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة محمد بوقرة بومرداس، كلية الحقوق والعلوم التجارية، الجزائر .

سيف الهنائي، سليمان بن محمد. (ايار2018)، "الاستقلال الاداري والمالي للهيئة العامة للتأمينات الاجتماعية في سلطنة عمان (دراسة مقارنة)"، رسالة ماجستير غيرمنشورة، جامعة الشرق الأوسط، كلية الحقوق،قسم القانون العام.

كيكو، قيصر صاحب. (2019-2020)،" سلطة ومسؤلية الهيئات المستقلة في العراق – دراسة مقارنة"، أطروحة دكتوراه غير منشورة، الجامعة الاسلامية في لبنان، كلية حقوق، قسم القانون العام.

- **القوانين والقرارات:**

سلطة الائتلاف المؤقتة، الهيئة العراقية العامة لخدمات البث والأرسال، الأمر رقم (66)، (20مارس/أذار2004).

قانون المفوضية العليا المستقلة للأنتخابات، رقم (11) لسنة 2007، منشور على جريدة الوقائع العراقية، العدد (4037)، (السنة الثامنة والأربعون 2007/3/14).

قانون المفوضية العليا المستقلة للأنتخابات، رقم (31) لسنة 2019، منشور على جريدة الوقائع العراقية، العدد (4569)، (السنة الحادية والستون 2019/12/30).

قانون المفوضية العليا لحقوق الانسان، رقم (53) لسنة 2008، منشور على جريدة الوقائع العراقية، العدد (4103)، (السنة الخمسون2008/12/30).

قانون رقم (30) لسنة 2019 (التعديل الأول لقانون هيئة النزاهة رقم (30) لسنة 2011)، منشور على جريدة الوقائع العراقية، العدد (4568)، (السنة الحادية والستون2019/12/23).

قانون مجلس الخدمة العامة الأتحادية، رقم (4) لسنة 2009.

قانون هيئة النزاهة رقم (30) لسنة2011 منشور على جريدة الوقائع العراقية، العدد (4217)، (السنة الثالثة والخمسون 2011/11/14).

قرار محكمة الأتحادية العليا، العدد 88/اتحادية/2010، في 2011/1/18.

قرار محكمة الأتحادية العليا، العدد 228/ت/2006، في 2006/10/9.

- **المجلات:**

أباخيل، يوسف، "ديوان المراقبة العامة والمتطالبة بالاستقلال"، مقال بجريدة الرياض، العدد (15678)، سعودية، (سبت28مايو2011).

الأمم المتحدة، "نظام معاهدات حقوق الانسان"، صحيفة وقائع، رقم (30)، الأمم المتحدة، حقوق الانسان، مكتب المفوض السامي، نيورك وجنيف، 2012.

السبعاوي، ياسر باسم ذنون، "السلطات الادارية المستقلة ودورها في حسم المنازعات مجلس المنافسة أنموذجاً (دراسة مقارن)"، مجلد كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، جامعة كركوك، كلية القانون والعلوم السياسية، العراق، المجلد (5)، العدد (19)، الجزء الثاني، 2016.

القيسي، حنان محمد، "مفهوم الاستقلال والهيئات المستقلة في دستور 2005"، مجلد الحقوق، كلية القانون، جامعة المستنصرية، بغداد، المجلة (5)، العدد (23-24)، 2014.

حاتم، فارس عبالرحيم، "طبيعة الهيئات المستقلة في ظل الدستور العراقي لسنة 2005"، مجلد كلية الدراسات الانسانية الجامعة، النجف الأشرف، العراق، العدد (3)، 2013.

دهام، عبدالستار ابراهيم، "التنظيم البيوقراطي إذاء الفكر الداري المعاصر: إطار نظري"، مجلة جامعة الأنبار للعلوم الاقتصادية والادارية، جامعة الأنبار، كلية الادارية والاقتصاد، الرومادي، العدد الثاني، 2008.

رسول، جواس حسن، "الهيئات المستقلة المتخصصة بضمان مبدأ المشاركة في النظام الفدرالي دراسة في اطار الدستور العراقي الدائم لسنة 2005"، بحث منشور في مجلة قەلای زانست العلمية، الجامعة اللبنانية الفرنسية، كلية القانون والعلاقات الدولية، أربيل، المجلد (4)، العدد (1)، (شتاء2019).

رشيد، صدام عبدالستار، "الهيئات الحكومية المستقلة في العراق/ هيئة نزاهة نموذجاً، بحث منشور في مجلة العلوم السياسية، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، العدد52، السنة الثالثة العشرون، (تموز2016).

طالب، مصدق عادل، "الرقابة على الهيئات المستقلة في التشريع العراقي"، بحث منشور في مجلد العلوم القانونية والسياسية، كلية القانون، المجلد السابع، العدد الثاني، جامعة بغداد، 2018.

عيساوي، عزالدين، "المكانة الدستورية للهيئات الادارية المستقلة مأل مبدأ فصل بين السلطات"، مجلد الأجتهاد القضائي، جامعة محمد خيضر بسكر، كلية الحقوق والعلوم السياسة، الجزائر، العدد (4)، (2018/3/13).

غيدان، اسماعي صعصاع و علي، صادق محمد، "مظاهر استقلال الهيئات المستقلة"، مجلد المحقق الحلي للعلوم القانونية واسياسية، جامعة بابل، كلية القانون، العراق، المجلد (8)، العدد الأول، (2016/3/31).

**سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان:**

أمين زاده، الهام و مقيمي، ليلى. (پاييز و زمستان 1396)، "بررسی تطبیقی میزان اثر گزاری دولت در استقلال نهادهای تنظیم مقررات انرژی در بخش های برق، نفت و گاز"، فصلنامه مطالعات حقوق انرژی، دوره (3)، شماره(2).

جمهوريه اسلامي ايران، هيئت وزريان، وزارت نيرو، اساسنامه شركت سهامي مديريت شبكه برق ايران، شماره32164/ت30572هـ، تأريخ1383/6/30.

مقيمي، ليلى و فرهادخاني، محدى، ارزيابي قابليت هاى ساختارى هيات تنظيم بازار برق ايران، (پژوهگاه نيرو گره اقتصاد برق و انرژى، سى و يكمين كنفرانس بين المللى برق، 3- 5 أباه 1395).

**چوارەم: سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**

New Zealand productivity Commission. (Jun. 2014, Regulatory institutions and practices, New Zealand.

United Nations Global Program Against Corruption (GPAC). (November 2002), Anti-Corruption Tool Kit, (Centre for International Crime Prevention, Office of Drug Control and Crime Prevention, United Nations Office at Vienna, November 2002).

**پێنجەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان:**

العجرش، فارس حامد عبدالكريم، (2008/11/25)، استقلال السلطة القضائية وتوازن السلطات داخل الدولة، متاح عن الرابط الأتي: (https://www.sotaliraq.com/25112008.pdf )، التأريخ (2021/6/28).

العكيلي، رحيم حسن (الأثنين28مايو2012)، الهيئات المستقلة بين (الاستقلال التام أو (الاستقلال المالي والاداري)، متاح عن الرابط الأتي: (http://rahimaqeeli.blogspot.com/2012/05/2003.html )، التأريخ (2021/7/5).

المسوي، ناصر عمران (2015/7/1)، الهيئات المستقلة والأشكالية الدستور، متاح عن الرابطالأتي:
(https://www.almothaqaf.com/qadayaama/qadayama-15/895091-2015-07-01-00-56-55 )، التأريخ (2021/6/26).

حمد، مەریوان صابر، بەدامەزراوی کردنی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی وەکو بنەمایەك بۆ دەوڵەتبوون، بڕوانە پێگەی ئەلیکترۆنی:
(http://mariwansabirhamad.blogspot.com/2013/03/ )، بەروار (2021/12/2).

غريب، هادية، الدستور والهيئات المستقلة، متاح عن الرابط الأتي:
(https://platform.almanhal.com/reader/2/67023)، التأريخ (2021/2/5).

وەلەد بەگی، ئازاد (2019/6/23)، ئەرکی دەستە سەربەخۆکان لە عێراق لەنێوان تیۆریو کردار، بڕوانە پێگەی ئەلیکترۆنی:
(http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/1635-2019-06-23-10-39-04 )، بەروار (2021/1/5)